خەبات XEBAT

لە ماڵ پارێزاو دەبین

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5973) سێ شەممە 14ی تەموز 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

ستراتیژییەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنە لەگەڵ بەغدا

پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە نەسرولڵا زارع ڕەشنوودی کۆنسوڵی گشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد. لە دیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەوردی تیشکی خستەسەر دۆخی تەندروستی و دارایی و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم کوردستان و بەغدا و جموجۆڵەکانی داعش، پاشان بە گرنگییەوە باسی لە پرۆسەی چاکسازی کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

فارس عیسا: ئێمە بە دەستوور لەگەڵ حکوومەتی عێراق قسە دەکەین

شەش گەڕی دانوستان لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق لەمەڕ بوودجە و پرسە هەڵپرساوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئەنجام دراوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتوون بە ڕێککەوتنی کۆتایی، نوێنەرێکی کوردیش لە وەفدی دانوستانکار دەڵێ، «ئێمە بە دەستوور لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ دەکەین». سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ڕایگەیاندووە: گفتوگۆ بەردەوام دەبێت لە نێوان هەولێر و بەغدا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

مەسرور بارزانی:

بە هۆی بە سیاسیکردنی کۆرۆنا و پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان ژمارەی تووشبووان و مردووان ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایە



دوێنێ دووشەممە 2020/7/13 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی لیژنەی بااڵی وەزاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا کرد. لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت و ژمارەیەک لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بەشداربوون، دۆخی ئێستای باڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی سنووردارکردنی ڤایرۆسەکە و کارایی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان هەڵسەنگێنرا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

5



کامیل عەبدولقادر دوای 12ساڵ (ئامێری ئۆکسجین)ی لەسەر هەڵگیرا

مامۆستا کامیل: سوپاسی بەڕێز مەسرور بارزانی دەکەم، کە 30 هەزار یۆرۆی بۆ کرێی خانوو و خەرجی منداڵەکانم دابینکرد

هەماهەنگی لەنێوان فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق و پێشمەرگەدا هەیە

سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد ڕەزا ئال حەیدەر ڕایگەیاند کە لە قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی پاڵەوانەکانی عێراقدا کە بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە ژمارەیەک ناوچەی پارێزگای دیالە ئەنجام دەدرێت، هەماهەنگی هاوبەش لەنێوان فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا هەیە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



گەشتوگوزاری ئایینی زەمینەیەکی لەباری هەیە، بەڵام سوودی لێوەرنەگیراوە

(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)

یەکەم بیانی لە هەرێمی کوردستان بە کۆرۆنا گیانی لەدەست دا

لە هەرێمی کوردستان گیانلەدەستدانی یەکەمین بیانی بەهۆی کۆرۆناوە تۆمارکرا کە هاووڵاتییەکی بەنگلادیشە و لە هەولێر کاری دەکرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

6



بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر:

ئەگەر هەیە هەفتەی داهاتوو گەشتەکان دەستپێبکەنەوە

5

گۆڵە برنجەکانی باتاس..

سەرچاوەیەک بۆ خۆبژیوی و پاراستنی بەروبوومی خۆماڵی



وەزارەتی دارایی عێراق هاوکار نییە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی دەشتی نەینەوا

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



تەندروستیی عێراق:

شەپۆلێکی نوێ و مەترسیدارتری پەتای کۆرۆنا بەڕێوەیە

دوێنێ دووشەممە وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق هۆشداری لەبارەی باڵاوبوونەوەی شەپۆلێکی نوێ و مەترسیدارتری پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا باڵاو کردەوە. جاسم فەلاحی بریکاری وەزارەتەکە بە میدیاکانی ڕاگەیاندووە کە بە پێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستیاندایە و لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیدا تاوتوێیان کردووە، ئاماژە هەیە کە شەپۆلێکی نوێی مەترسیدارتری پەتای کۆرۆنا بەڕێوەیە و عێراق دەگرێتەوە.



سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە سەرۆک کۆمار و گەلی میسر دەکات

پاش نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 2020/7/13 هێمن هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتیی سەرۆک مەسعود بارزانی سەردانی کۆنسوڵخانەی گشتیی میسری لە شاری هەولێر کرد.

لە سەردانەکەیاندا هێمن هەورامی پەیامی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو ئەحمەد حارس، کۆنسوڵی گشتیی میسر لە هەرێمی کوردستان گەیاندە کۆنسوڵخانە و لەڕێگەی کۆنسوڵخانەوە بۆ عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆک کۆماری میسر و وەزارەتی دەرەوەی میسر و گەلی میسر، هیوای خواست ئەمە دواناخۆشییان بێت و ڕۆڵی خوالێخۆشبوو لە ماوەی کارکردنی لە هەرێمی کوردستان لەڕووی پەیوەندییە سیاسیی و ئابووری و کولتوورییەکانی نێوان هەردوو گەلی کوردستان و گەلی میسر بەرز نرخاند، هیوای خواست ئەمە دواناخۆشییان بێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

دووپاتکردنەوەی پابەندبوونی هەردوولا بە پەیوەندییە مێژوویییەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرت و پشتیوانی و هاوکاریی تەوەرێکی دیکەی سەردانەکە بوو.

پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی
سەرخۆشی لە وەزیری دەرەوە و کونسوڵخانەی میسر دەکات

بە بۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبێت ئەحمەد حارس کونسوڵی گشتی وڵاتی میسر لە کوردستان مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پرسە نامەیەکی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی میسر و بالوێز و کونسوڵخانەی میسری کرد کە بەناوی مەکتەب سەرەخۆشی لە گەل و حکوومەتی میسری و خانەوادەی کۆچکردوو کرد، هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵی کونسوڵی کۆچکردوو کرد لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم و میسر. لە لای خۆیەوە شێرکۆ حەبیب بەرپرسی مەکتەبی پارتی لە قاهیرە پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو کرد و ئاماژەی بە ڕۆڵی کرد وەک کەسایەتییەکی دیبلۆماتکار.



هێمن هەورامی:
ستراتیژییەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنە لەگەڵ بەغدا

پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 2020/7/13 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە نەسرولا زارع ڕەشنوودی کۆنسوڵی گشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد. لە دیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەوردی تیشکی خستەسەر دۆخی تەندروستی و دارایی و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم کوردستان و بەغدا و جموجۆڵەکانی داعش، پاشان بە گرنگییەوە باسی لە پرۆسەی چاکسازی کرد و ڕایگەیاند "یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرمالە و بەخشین و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان، لە پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر دراوە و بەشێکە لەو چاکسازییە گشتییەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت لەسەرجەم سێکتەرەکان ئەنجامی بدات بۆ هێنانەدی یەکسانی و دادپەروەری، بۆ ئەمەش پەرلەمانی کوردستان هاوکار و پشتیوان دەبێت و چاکسازییەکانیش بەردەواميیان دەبێت".

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و مەترسیی جموجۆڵەکانی داعش، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند "ستراتیژییەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنە لەگەڵ بەغدا، چونکە چارەسەرکردنی کێشەکان لە بەرژەوەندی تەواوی خەڵکی عێراق دایە و ئەو ڕێککەوتنەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی بەیەکەوە جموجۆڵەکانی داعش بوەستێنین بەتایبەت لە ناوچەکانی ماددەی 140ی دەستووری عێراقی فیدرال".

لەلایەن خۆیەوە نەسرولا زارع ڕەشنوودی کونسوڵی گشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران باسی لە دۆخی تەندروستی ئێران کرد و دەرهاویشتەکانی پەتای کۆڕۆنای لە بوارەکانی تەندروستی و دۆخی ئابووری ئێران خستەڕوو، هاوکات پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دەربڕی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بە ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن. لە کۆتاییدا دۆخی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆیان لەسەر کراو هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆچوونی فەرمی پەرلەمانی کوردستانی لەمبارەیەوە خستەڕوو.

یەکەم بیانی لە هەرێمی کوردستان بە کۆرۆنا گیانی لەدەست دا



لە هەرێمی کوردستان گیانلەدەستدانی یەکەمین بیانی بەهۆی کۆرۆناوە تۆمارکرا کە هاوڵاتییەکی بەنگلادیشە و لە هەولێر کاری دەکرد. لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر، دلۆڤان محەمەد جەلال ڕایگەیاند: کرێکارێکی بیانی کە هاوڵاتی بەنگلادیشە و لە هەرێمی کوردستان کاردەکات گیانی لەدەستداوە و لەئێستادا تەرمەکەی لە پزیشکی دادی هەولێرە، بەڵام بەهۆی مافی نەخۆش و مافی تاکەکەسی وردەکاری زانیاریيە کەسییەکانی بڵاو ناکەینەوە.

دلۆڤان محەمەد جەلال ئەوەشی گوتووە: بۆ گەڕاندنەوەی تەرمەکەی بۆ وڵاتی خۆی، ئێستا ئێمە لەگەڵ کۆنسوڵخانەی بەنگلادیش لە قسەکردن داین بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت کە دەگەڕێندرێتەوە یان لێرە دەنێژرێت.

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر، دلۆڤان محەمەد جەلال بەهۆی مەترسی بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسەکە لە ئەگەری گواستنەوەی تەرمەکە لەڕێگای گەڕاندنەوە بۆ بەنگلادیش گوتی: بەپێی زانستی پزیشکی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ڕەنگە ڤایرۆسەکە نەمێنێت، جگە لەوەیش تەرمەکە بەڕێگای تایبەت لەناو کیسی تایبەت دەکرێت و تەعقیمیش دەکرێت بۆیە ئەگەر بەپێی ستاندارد جیهانییەکان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت مەترسی ئەوەی نابێت ڤایرۆسەکە بڵاوبێتەوە.

لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو حکوومەت هەیە
فارس عیسا: ئێمە بە دەستوور لەگەڵ حکوومەتی عێراق قسە دەکەین



شەش گەڕی دانوستان لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق لەمەڕ بوودجە و پرسە هەڵپرساوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئەنجام دراوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتوون بە ڕێککەوتنی کۆتایی، نوێنەرێکی کوردیش لە وەفدی دانوستانکار دەڵێ، «ئێمە بە دەستوور لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ دەکەین».

فارس عیسا، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە بەغدا لە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی دیموکراتی کوردستان بڵاوکراوەتەوە: کاتی سەردانی وەفدی حکوومەتی هەرێم بۆ بەغدا دیارنەکراوە، بەڵام گفتوگۆ بەردەوام دەبێت لە نێوان هەولێر و بەغدا.

فارس عیسا دەشڵێت: لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو حکوومەت هەیە، بۆیەش گفتوگۆکان بەردەوامییان پێ دەدرێت و جەولەی نوێی گفتوگۆی نێوان هەردوو حکوومەت دەست پێ دەکاتەوە."

عیسا ئەوەشی گوتووە: دەبێت هەردوو حکوومەت ڕێک بکەون، چونکە بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ کورد وەزعی بەغدا لە ڕووی سیاسی و ماڵیيەوە سەقامگیر نابێت.

ڕاشیگەیاندووە: بە ڕوونی لە کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ لایەنی عێراقی گوتوومانە گفتوگۆکان و ڕێککەوتن لەسەر بنەمای دەستوورە هیچ شتێکی دەرەوەی دەستوور نابێت، لە گفتوگۆکان بەشێک لە قسەکان دەستورین و بەشێکیشیان دەستووری نین، ئێمە وەک کورد بە بنەمای دەستوور قسە دەکەین.

داقووق.. بە پاڵپشتی ڕاکان جبووری
عەرەبی هاورە هەوڵی داگیرکردنی زەویی کوردان دەدەن

لە سنووری قەزای داقووقی سەر بە پارێزگای کەرکووک، جارێکی دیکە عەرەبە هاوردەکان بە پاڵپشتی هێزێکی ئەمنی و بەمەبەستی داگیرکردن چوونە سەر زەوی و زاری دوو گوندی کوردان لە سنووردکە. لەمبارەوە عەلی حەمید، هاوڵاتییەکی خەڵکی گوندی (تازەدێی) سەر بە داقووق، بە خەباتی ڕاگەیاند: دوێنێ دووشەممە 2020/7/13 کۆمەڵێک لە عەرەبە هاوردەکان، هاتنەوە سەر زەوی و زاری هەردوو گوندی (تازەدێی و تازەشار)ی سەر بە داقووق.

گوتیشی: وەک دانیشتوانی هەردوو گوند لە کاتی هاتنی ئەوان چوونە پێشەوە و ئەوەیان خستەڕوو کە هەرگیز ڕێگە نادەن جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر زەوییەکانیان، بەڵام ئەوان ئەفسەرێکی پلە بەرزی پۆلیسی فیدراڵی عێراقیان لەگەڵدا بوو، ئەوانیش هەر پێداگر بوون لەسەر ئەوەی کە دەگەڕێنەوە، بۆیە تا ئێستا کێشەکە هەر بەم شێوەیە ماوەتەوە. شایانی باسە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ڕاکان جبووری پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووک نووسراوێکی کردووە و ئاراستەی هێزە ئەمنییەکانی کەرکووکی کردووە بۆ ئەوەی عەرەبە هاوردەکان بگەڕێننەوە سەر ئەو گوندانەی پێشتر داگیریان کردبوو.

ئێران.. 203 کەسی دیکە بەهۆی کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا



لە ئێران ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە، 13هەزار و 32 کەس.

دوێنێ دووشەممە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری ڕایگەیاند کە لە میانی 24کاتژمێردا، 203کەسی دیکە بەهۆی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە و کۆی گشتیی ژمارەی ئەوانەی بەو پەتایە گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، 13هەزار و 32 کەس.

هاوکات دوو هەزار و 349 حاڵەتی نوێی تووشبوون بەو پەتایە تۆمارکراوە و تێکڕای ژمارەی تووشبووان بەرزبووەتەوە بۆ 259هەزار و 652 کەس کە ڕەوشی تەندروستیی سێ هەزار و 375یان ناجێگیرە.

پارێزگاکانی خوزستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، خۆراسانی ڕەزەوی و مازەندران وەک «ناوچەی سوور» دیاریی کراون و پارێزگاکانی تاران، فارس، کرمان، ئەلبرز، کۆهگیلوویە و بۆیەر ئەحمەد، گوڵستان، بوشەهر، هورموزگان و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات وەک ناوچەی جێ مەترسی پۆلێنکراون.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا دەکات

هەنگاوەکانی سنووردارکردنی ڤایرۆسەکە و کارایی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان هەڵسەنگێندران

مەسرور بارزانی: بە هۆی بە سیاسیکردنی کۆرۆنا و پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان ژمارەی تووشبووان و مردووان ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایە



دوێنێ دووشەمە 2020/7/13 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی لیژنەی باڵای وەزاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت و ژمارەیەک لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بەشداربوون، دۆخی ئێستای باڵابوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی سنووردارکردنی ڤایرۆسەکە و کارایی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان هەڵسەنگێنرا.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، وەزیری تەندروستی ڕاپۆرتێکی دەربارەی ڕێژەی تووشبووان و مردن و چاکبوونەوە خستەڕوو کە ئاماژەی بە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان و هەڵکشانی ڕێژەکە کرد کە هۆکارە سەرەکییەکەی پابەندنەبوونە بە ڕێنماییە تەندروستییەکان.

پاشان وەزیرانی ناوخۆ و گواستنەوە و گەیاندن و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، تێبینی و سەرنج و هەڵسەنگاندنی خۆیان لە بارەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ئاستی پابەندبوون بە ڕێنماییەکان خستەڕوو.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر مەترسییەکانی تەشەنەکردنی زیاتری ڤایرۆسەکە لە هەرێمی کوردستان و زیادبوونی ڕێژەی تووشبووان و مردووان و ئاماژەی بەوە دا کە بە داخەوە بە هۆی بە سیاسیکردنی بابەتەکە و پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان، ژمارەی تووشبووان و مردووان ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایە. بۆیە جارێکی دیکە داوا لە هاوواڵاتیان دەکەمەوە کە پابەند بن بە ڕێنماییە تەندروستییەکان و پاراستنی خۆیان و کەسوکار و کۆمەڵگەکەیان. دوای هەڵسەنگاندنی پێویستی بارودۆخەکە، لیژنەی باڵای وەزاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا بڕیاریدا:

یەکەم: بەردەوامبوونی هەردوو وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ لە دەرکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕێنمایی تەندروستی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و سەپاندنی بە کارهێنانی ماسک و دەستەوانە و تێکەڵاونەبوون لە شوێنە گشتییەکان و وەزارەت و فەرمانگە حکومییەکان و بەداواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییە تەندروستییەکان.

دووەم: بەردەوامبوونی قەدەخەی هاتووچۆ لە نێوان شارەکان و لە نێوان پارێزگاکان لەو کاتانەی کە لە لایەن ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگاکانەوە ڕاگەیەندراوە و دەرچوون و سزادانی سەرپێچیکاران.

سێیەم: گەشتە ئاسمانییەکان هەتا 22ی ئەم مانگە ڕادەگیرێن و دواتر بە هەماهەنگی کردن لە گەڵ حکوومەتی فیدراڵی بڕیاری پێویستی لە بارەوە دەدرێت بە لە بەرچاوگرتنی ڕێکار و ڕێنماییە تەندروستییەکان.

چوارەم: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و فەرمانگەی میدیا و زانیاریی لە چوارچێوەی بڕیار و ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی، ڕاسپێردران بۆ بەردەوامبوون و بەردەوان بە هەڵمەتی هوشیارکردنەوەی هاوواڵاتیان بۆ پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان و ڕێکارەکانی خۆپارێزی بە هاوکاری و هەماهەنگیی لە گەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان.

محەمەد ڕەزا ئال حەیدەر:

هەماهەنگی لەنێوان فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق و پێشمەرگەدا هەیە



سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد ڕەزا ئال حەیدەر ڕایگەیاند کە لە قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی پاڵەوانەکانی عێراقدا کە بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە ژمارەیەک ناوچەی پارێزگای دیالە ئەنجام دەدرێت، هەماهەنگی هاوبەش لەنێوان فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا هەیە.

محەمەد ڕەزا ئال حەیدەر ئەندامی حزبی ئیستیقامە و سەربە فراکسیۆنی سائیرون لە لیستی وانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵیی فەرمی عێراق ئاشکرای کردووە کە لە قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی پاڵەوانەکانی عێراقدا، زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەنێوان فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە سازکراوە، تەنانەت لیژنەی هەماهەنگی هاوبەش لەنێوان هەردووڵادا پێکهێنراوە.

گوتیشی: لە میانی قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی پاڵەوانەکانی عێراقدا، دووبارە سەقامگیری بۆ ئەو ناوچانەی پارێزگای دیالە گەڕاوەتەوە کە پێشتر لەڕووی ئەمنییەوە مەترسیداربوون و لەژێر کۆنترۆڵی شانە نووستووەکانی داعش دابوون. جێی باسە لە ڕۆژی شەممەی ڕابردووەوە لەسەر فەرمانی سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، مستەفا کازمی قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی پاڵەوانەکانی عێراق بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکانی سەربە پارێزگای دیالە دەستی پێ کراوە کە تا ئێستا دەرێژەی هەیە. پێشتر شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی سەربە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاندبوو کە لە ڕۆژی یەکەم و دووەمی قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی پاڵەوانەکانی عێراقدا، ژمارەیەک تیرۆریست کوژراون و ژمارەیەک حەشارگەیش خاپوورکراون.

سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەی کە لە پۆستە باڵا سەربازیی و ئەمنییەکاندا ئەنجامدراون، سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد ڕەزا ئال حەیدەر گوتی: سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، مستەفا کازمی ژمارەیەک گۆڕانکاری لە پۆستە سەربازیی و ئەمنییەکاندا ئەنجامداوە کە ئەوەیش کارێکی ئاساییە، چونکە گۆڕانکارییەکان لە پێناو ڕێکخستنەوەی دامەزراوە سەربازیی و ئەمنییەکاندا ئەنجامدراون. مستەفا کازمی کە لە حەوتی ئایارەوە بووە بە سەرۆکوەزیرانی عێراق، تا ئێستا چەندین گۆڕانکاری لە پۆستە ئیداریی، ئەمنیی و سەربازییەکاندا کردووە.

وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بۆ «خەبات»:

وەزارەتی دارایی عێراق هاوکار نییە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی دەشتی نەینەوا



خەبات -مەریوان نەقشبەندی

ئیقان فائق وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی بۆ بەردەوامبوونی کێشەی ئاوارە و ڕاگوازراوەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان نەڕایبێت نازانێ ئەو عێراقییانە کە زۆربەیان کوردی ئێزدی و کەمینە ئاینی و مەزهەبییەکانن، هەست بە موعاناتیان ناکات و گوتیشی چەندین جار پەیوەندیم بە وەزیری دارایی کردووە بە شەفەهی و بەنووسراوی ڕەسمیش بۆ خەرجکردنی شایستەی ئەو ئاوارانەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لەناوچەکانی دەشتی نەینەوا و ناوچە کێشەلەسەرەکان زستان لەبەر بەفر و باران لەناو خێوەتی ئاوارە و ڕاگوازراوەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان نەڕایبێت نازانێ ئەو عێراقییانە کە زۆربەیان کوردی ئێزدی و کەمینە ئاینی و مەزهەبییەکانن، هەست بە موعاناتیان ناکات و گوتیشی چەندین جار پەیوەندیم بە وەزیری دارایی کردووە بە شەفەهی و بەنووسراوی ڕەسمیش بۆ خەرجکردنی شایستەی ئەو ئاوارانەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لەناوچەکانی دەشتی نەینەوا و ناوچە کێشەلەسەرەکان بەگشتی، بەڵام بەداخەوە وەزیری دارایی عێراق هاوکار نییە و ئەوەش یەکێکە لە کێشەکانی بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان.

ئیقان فایەق هەروەها گوتی: بوونی هێزی بیانی و میلیشیای تائیفی لە شنگال و دەشتی نەینەوا هۆکارێکی تری دوودڵی گەڕانەوەی ئاوارە و ڕاگوازراوەکانە بۆ شوێنی خۆیان و ئەم گرفتانەشم لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ مستەفا کازمی سەرەک وەزیران باس کردووە.

ئەحمەد داودئۆغلۆ: ئەوەی پێی وابێت تورکیا ناچێتە ناو هەڵبژاردنی پێشوەختەوە بە هەڵەدا چووە

ئەحمەد داودئۆغلۆی سەرۆکی پارتی ئایندەی تورکیا، پێیوایە تورکیا دەچێتە ناو هەڵبژاردنی پێشوەختەوە و ئەوەش پێی وایە تورکیا ناچێتە ناو هەڵبژاردنی پێشوەختەوە بە هەڵەدا چووە و پێویستە ئامادەکاری بکات. ئەحمەد داودئۆغلۆ لە دیمانەیەکیدا بۆ تەلەڤزیۆنی (خەبەر تورک)، لەبارەی ئەوەی ئایە پارتەکەی ئامادەیە بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە؟ یاخود ئایا تورکیا دەچێتە ناو هەڵبژاردنی پێشوەختەوە دەڵێت: ئەوەی پێی وابێت تورکیا ناچێتە ناو هەڵبژاردنی پێشوەختەوە بە هەڵەدا چووە. ئەوەی گرنگە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و وەکوو پارتی ئایندە لە مانگی ئەیلوولدا دەچینە ناو کۆنگرە و لە 2021یش پارتەکەمان ئامادە دەبێت بەشداری هەر هەڵبژاردنێک بکات.



لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، داودئۆغلۆ ڕەخنەی لە ئاکەپە گرت، بەوەی لەناو ئەو پارتەدا ڕێگەی لێ گیراوە کار بکات و دژی گەندەڵی بوەستێتەوە، بۆیە ئەو ڕێگایەی واز لێ نەهێناوە و لەناو پارتی ئایندە دریژە بەو پرۆژانە دەدات کە بەنیاز بووە پێشتر لەناو ئاکەپەدا جێبەجێیان بکات.

عێراق... بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو سێ سەرباز کوژران

لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە ناوچەیەکی پارێزگای دیالە ڕۆژهەڵاتی عێراق، سێ سەرباز کوژران. لەوبارەیەوە ئەفسەر لە پۆلیسی دیالە، ملازمی یەک شەعلان کاملی لە لێدوانێکدا گوتی: تیمێکی پووچەڵکردنەوەی بۆمب، هەوڵیاندا بۆمبێکی چێنراو لە ناوچەی حەوز وەقف ڕۆژهەڵاتی شاری باقووبە، سەنتەری پارێزگای دیالە پووچەڵ بکەنەوە، بەڵام بۆمبەکە تەقیوەتەوە. شەعلان کاملی ئاماژەی بەوەیشدا کە تەقینەوەکە لەو کاتەدا ڕوویداوە کە تیمێکی پووچەڵکردنەوەی بۆمب یاوەری فەرمانبەرانی فەرمانگەی ئاو و ئاوەڕۆ سەرقاڵی پاککردنەوەی ئاوەڕۆبوون لە ناوچەکەدا. ئاشکراشیکرد لە ئاکامی تەقینەوەکەدا، سێ سەرباز کوژراون. کاملی تیرۆریستانی داعشی بە چاندنی بۆمب لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق تاوانبار کرد.



نەتەوە یەکگرتووەکان:

خۆشحاڵین بە گفتوگۆی ستراتیجیی نێوان عێراق و ئەمەریکا

گرنگە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق لە دەستوەردانی سیاسیی پارێزراو بێت

داوا دەکەین عێراق لە گرژی و ناکۆییەکانی نێودەوڵەتیی و هەرێمیی دوور بخرێتەوە

نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جینین هێنیس پلاسخارت رایگەیاند کە پاڵپشتی لە هەوڵەکانی سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی دەکەن لە سەپاندنی سەروەریی و ئاماژە بەوەیش دەکات کە پاڵپشتی رێککخراوە نێودەوڵەتییەکان لە هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ بەردەوامە. جینین هێنیس پلاسخارت لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی نیچمە فەرمی "ئەلسەباح" باسی لە ژمارەیەک رۆژەڤی گرنگ تایبەت بە عێراق کردووە لەوانە؛ بەرەنگاربوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا، گفتوگۆی ستراتیجیی نێوان عێراق و ئەمەریکا و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە.

بەرەنگاربوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق

لەمبارەیەوە نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جینین هێنیس پلاسخارت هەڵسەنگاندنی بۆ هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ و رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاڵپشتیکردنی عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو قایرۆسە کردووە و گوتوویەتی: عێراق بەهۆی سنووردارای توانا کانی تەندروستیی و پێگە جوگرافییەکەی لە ناوچەکەدا کە زۆترین حاڵەتەکانی گیانلەدەستدان و تووشبوون بە قایرۆسی کۆرۆنای تیایدا تۆمار کراوە، بەڕەوڕووی مەترسیی بووەتەوە، بەڵام سەرباری ئەوەیش، حکوومەتی عێراق بە باشی هەوڵەکانی لە بەرەنگاربوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا خستوەتەگەڕ. ئەوەشی گوتووە: عێراق لە قۆناغی یەکەمی بەرەنگاربوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنادا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەڵام بەم دواییانە بەهۆی لاوازی جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزیی، ژمارەی قوربانییانی ئەو قایرۆسە لە عێراق زیادی کردووە، بۆیە دەبێت هاوواڵاتیانی عێراق ڕێنماییەکانی خۆپارێزیی بە باشی جێبەجێ بکەن.

نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جینین هێنیس پلاسخارت ڕاشیگەیاندووە کە لەئێستادا لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی عێراق کار دەکەن بۆ ئەوەی پێدوایستییە تەندروستیی و پزیشکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی تووشبووانی ئەو قایرۆسە دابین بکەن و گوتی: نەتەوە یەکگرتووەکان بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی عێراق، پلانێکی باشی بۆ باشکردنی ژێرخانی تەندروستیی ئامادەکردووە. ئاماژەی بەوەیش داوە کە بەهۆی ئەوەی تا ئێستا هیچ ڤاکسێنێکی قایرۆسی کۆرۆنا نەدۆزراوەتەوە، بۆیە لەئێستادا خۆپارێزیی تاکە ڕێگای چارەسەرکردنە و دەبێت هاوواڵاتیانی عێراق زیاتر پابەندبن بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزیی و بەباشی جێبەجێیان بکەن.

گفتوگۆی ستراتیجیی نێوان عێراق و ئەمەریکا

نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جینین هێنیس پلاسخارت راشیگەیاندووە کە پاڵپشتی لە هەوڵەکانی سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی لە سەپاندنی سەروەریدا دەکەن بە تایبەتیش لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و گوتوویەتی: ڕاستە داعش هێندراوە، بەڵام هێشتا ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە هەڕەشە و مەترسییە، بۆیە بەردەوامی گفتوگۆکانی عێراق سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەگەڵ ئەمەریکا، گرنگە. خۆشحاڵین بە سازکردنی گفتوگۆی ستراتیجیی نێوان عێراق و ئەمەریکا، یان هەر گفتوگۆیەک کە ببێتە مایەی بەدیهێنانی سەقامگیریی و پێشکەوتنی زیاتر لە عێراق.

لە ماوەکانی ڕابردوودا، یەکەم قۆناغی گفتوگۆی ستراتیجیی لەنێوان عێراق و ئەمەریکا سازکرا کە لە مانیدا سەبارەت بە ژمارەیەک تەوەر بیروڕا ئاڵوگۆڕ کرا لەوانە؛ ئاسایش، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئابووری، وزە، بابەتە سیاسیی و کولتوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات. سەبارەت بە هەنگاوەکانی مستەفا کازمی بۆ دوورخستنەوەی عێراق لە گرژیی و ناکۆکییەکانی نێودەوڵەتیی و هەرێمیی، جینین هێنیس پلاسخارت گوتی: مستەفا کازمی لە کارنامەی حکوومەتەکەیدا لە لایەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەدا، پشتی بە سێ خاڵی گرنگ بەستووە کە ئەوانیش؛ پاراستنی سەروەریی نیشتمانیی، پەیوەندیی هاوسەنگ و هاوکارییە. لەمبارەیەوە نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جینین هێنیس پلاسخارت داوای کرد کە عێراق لە گرژی و ناکۆکییەکانی نێودەوڵەتیی و هەرێمیی دوور بخرێتەوە.

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق

سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە کە ئێستا بووەتە ڕۆژەڤێکی گرنگ لە عێراق، نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جینین هێنیس پلاسخارت رایگەیاند، حکوومەتی عێراق بەئێنی داوە هەڵبژاردنێکی پێشوەختە ئەنجام بدات و گوتی: حکوومەتی عێراق بەتەنها ناتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات، چونکە پێویستی بە پاڵپشتی فراکسیۆنەکانی نێو ئەنجوومەنی نوێنەران و لایەنە سیاسییەکان هەیە، بۆیە ئۆمێد دەکەین لایەنە سیاسییەکان هاوکاری حکوومەت بکەن بۆ ئەوەی بتوانێت هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدات کە یەکێکە لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران. ڕاشیگەیاند کە پێویستە کار و هەوڵەکان بەردەوام بن لە پێناو ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی شەفاف بۆ ئەوەی دووبارە متمانە لەنێوان عێراقییەکان دروست ببێتەوە. جینین هێنیس پلاسخارت باسی لەوەیش کرد کە گرنگە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە دەستوەردانی سیاسیی پارێزراو بێت.

پێشبینی دەکرێت عێراق بکەوێتە ناو گێژاوێکی دیکەی پڕ لە ململانێیەوە

هەندێ لە لایەنە شیعییەکان هەوڵەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ شکستپێهێنانی کازمی



چاودێرێکی سیاسی پێی وایە عێراق دەکەوێتەوە ناو گێژاوێکی دیکەی پڕ لە ململانێ و هەندێ لە لایەنە شیعییەکانیش هەوڵەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ شکستپێهێنانی مستەفا کازمی و دەڵێت، ئەوەی ئێستا لە عێرقدا دەگوزەرێ گیرۆدەی قەیرانگەلی ئابووری، سیاسی، تەندروستی، ئاسایش و خزمەتگوزاری و نەمانی متمانەی هاوواڵتیانە.

بورهان ڕەئووف چاودێری سیاسی، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: عێراق لە دوای 2003ەوە لەڕووی ئەتنیکی و تائیفییەوە دابەش بووە و هەر لایەک بەلای خۆیدا ڕایدەکێشێت و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئێستا گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و ململانێی ڕۆم و عەجەم و ئەمەریکا و هەندێ وڵاتی عەرەبیشە، نەک بەرژەوندی گەلانی عێراق.

ئەو چاودێرە سیاسییە دەشڵێت: لەدوای دابەزینی نرخی نەوت، ئابووری فشەڵی وڵات داڕووخا، لەبەرئەوەی 90٪ داهاتی پشتی بە نەوت بەستووە و لە سەردەمی زێرینی وڵات لە 2005ەوە تاکوو ئێستا کە نرخی نەوت بەرزە، بودجەی وڵات بەشی هەرە زۆری بۆ مووچەی فەرمانبەران و بەرنامەی کۆمەڵایەتی تەرخان کراوە، بۆیە ئەگەر نرخی نەوت بەرز نەبێتەوە، ئەوا ئابووری وڵات بەرەو ڕووخان دەچێت.

کۆژرانی پێنج تیرۆریستی داعش لە عێراق

لە میانی ئۆپەراسیۆنێکی سوپای عێراقدا لە سنووری پارێزگای بەغدای پایتەخت، پێنج تیرۆریستی داعش کوژران. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراقەوە بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە کراوە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا کە لە گوندی مەعامرە زێدان ئەنجامدراوە پێنج تیرۆریستیی داعش کە دەگوترێت لە تیمی خۆکوژی بوون گەمارۆدراون، پاشانیش لە چالاکی خراون. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا، ئەفسەرێکی سوپا بە پلەی موقەدەم و پۆلیسێکی سەربە دەزگای هەواڵگریی وەزارەتی ناوخۆ، کوژراون.

خۆپیشاندان لە شاری ناسرییە باشووری عێراق

بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە خراپی کارەبا و دواکەوتنی مووچە، دەیان هاوواڵاتی و فەرمانبەری گرێبەست سەربە فەرمانگەکانی دابەشکردنی کارەبا لە شاری ناسرییە سەنتەری پارێزگای زیقار باشووری عێراق خۆپیشاندانیان ساز کرد، هاوکات سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە ئەرکی حکوومەتە، خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوواڵاتییانی زیقار و پارێزگاکانی دیکەی عێراق بکات.

میدیاکانی خۆجێی بڵاویان کردەوە کە دەیان هاوواڵاتیی لە شاری ناسرییە خۆپیشاندانیان سازکردووە کە لە میانیدا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر خراپبوونی کارەبا، بە سووتاندنی تایە ڕێگەی ڕۆژئاوای شارەکەیان داخستووە. لە میانی خۆپیشاندانەکەدا، خۆپیشاندەران داوایان لە حکوومەتی خۆجێی کرد، گرفتی کەمی کارەبا لە سایەی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما بۆ چارەسەر بکات.

لە لایەکی دیکەوە دەیان فەرمانبەری گرێبەست سەربە فەرمانگەکانی دابەشکردنی کارەبا لە پارێزگای زیقار، بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە دواکەوتنی مووچەکانیان لە بەردەم فەرمانگەکەی دابەشکردنی کارەبای شاری ناسرییە گردبوونەوە. ئەو فەرمانبەرانە ڕایانگەیاند کە ماوەی سێ مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە، بۆیە داوایان کرد کە مووچەکەی ئەو سێ مانگەیان بۆ خەرج بکرێت.

هاوکات سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە ئەرکی سەرشانی حکوومەتە، خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوواڵتییانی زیقار و پارێزگاکانی دیکە بکات. نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕاگەیەندراێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە مستەفا کازمی لە بەغدا بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ، عوسمان غانمی لەگەڵ پارێزگاری زیقار، نازام وائیلی و بەڕێوەبەری پۆلیسی زیقار، عەمید ناسر ئەسەدی کۆبووەتەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە کۆبوونەوەکەدا، بەوردی باس لە ڕەوشی ئێستای پارێزگای زیقار کراو، هەروەها ئەو ڕێوشوێنانەی کە دامەزراوە حکوومییەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە عێراق، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە ئەرکی سەرشانی حکوومەتە، خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوواڵتییانی زیقار و پارێزگاکانی دیکە بکات. نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕاگەیەندراێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە مستەفا کازمی لە بەغدا بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ، عوسمان غانمی لەگەڵ پارێزگاری زیقار، نازام وائیلی و بەڕێوەبەری پۆلیسی زیقار، عەمید ناسر ئەسەدی کۆبووەتەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە کۆبوونەوەکەدا، بەوردی باس لە ڕەوشی ئێستای پارێزگای زیقار کراو، هەروەها ئەو ڕێوشوێنانەی کە دامەزراوە حکوومییەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە دانیشتوانی پارێزگاکە گرتوویانەتەبەر، خراوەتە بەرباس. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە لە میانی کۆبوونەوەکەدا، مستەفا کازمی هەڵسەنگاندنی بۆ ڕێوشوێنی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان لە زیقار لە دابینکردنی پێداویستییە پزیشکی و تەندروستیی بۆ نەخۆشخانەکان کردووە و گوتی: ئەرکی سەرشانی حکوومەتە لە سەرجەم بوارەکاندا، خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوواڵتییانی زیقار و پارێزگاکانی دیکە عێراق بکات. سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی بە گرنگی زانیوە کە لە پارێزگای زیقار هاوکاری تەواو لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و فەرمانگە خزمەتگوزارییەکاندا هەبێت بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی هاوواڵتییان لە هەموو بوارەکاندا دەستبەر بکرێت.



مامۆستا کامیل: سوپاسی بەڕێز مەسرور بارزانی دەکەم، کە 30 هەزار یۆرۆی بۆ کڕێی خانوو و خەرجی منداڵەکانم دابینکرد


ژیان بۆ بەرکەوتوویەکی چەکی کیمیاوی گەڕێندرایەوە

کامیل عەبدولقادر دوای 12 ساڵ (ئامێری ئۆکسجین)ی لەسەر هەڵگیرا



ستایشکردنی سەدام و بکوژەکانمان کارێکی زۆر قێزەون و ناپاکییەکی گەورەیە





خەبات: عەلی بانیشاری

کامیل عەبدولقادر، بەرکەوتووی کیمیابارانەکەی 32 ساڵ لەمەوبەری شاری هەڵەبجەیە. لە 16/3/1988 سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی لەدەستدا کە ژمارەیان 9 کەس بوون (دایک، باوک، یەک برا، پێنج خوشک، یەک خوشکەزا) کامیل لەو کاتەوە بەهۆی کاریگەری چەکە کۆمەڵکوژەکە سیپەکانی وەکو پێویست کار ناکات، بەڵام 12 ساڵ لەمەوبەر سست بوونی سیپەکان وای لە ناوبراو کرد ئامێری ئۆکسجین بەکاربهێنێت، سێی ئایاری ئەمساڵ لە وڵاتی ئەڵمانیا نەشتەگەری بۆ سیپەکانی مامۆستا کامیل ئەنجامدرا، ئێستا ئەو ئامێری ئۆکسجین بەکارناهێنێت و تەندروستی بەرەو باشتربوون دەڕوات.

کامیل عەبدولقادر دەڵێت: دەیان ساڵ لە پەغدا و تاران چارەسەرم وەرگرت، بەڵام باری تەندروستیم تا دەهات خراپتر دەبوو، پزیشکەکان پێیان گوتم چارەسەر تەنیا چاندنی سیپەکانە لە ئەورووپا. دەشڵێت: لە 2016 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر ناردمی بۆ ئەڵمانیا، لە 2017 چوومەوە هەمان وڵات و داوای مافی پەنابەریم کرد، چونکە یەکێک لەمەرجەکانی پزیشکەکان بۆ ئەوەی نەشتەگەریم بۆ ئەنجام بدەن ئەوە بوو دەبێت مافی مانەوەم لە ئەڵمانیا هەبێت.

سەبارەت بەدۆخی تەندروستی لەپاش چاندنی سیپەکانی لە مانگی 5ی ئەمساڵدا ناوبراو بە(خەبات)ی گوت: ئێستا ئامێری ئۆکسجین بەکارناهێنم، جوڵە و هەناسەدانم باشترە، کە ئەمە بۆ من زۆر جێگەی دڵخۆشییە ژیانێکی نوێ دەست پێبکەم، چونکە 12 ساڵ بوو ئامێرەکەم بەکاردەهێنا، زۆر ماندووی دەکردم. **گوتیشی:** پزیشکەکان رێنماییان کردووم کە خۆم ماندوو نەکەم و تێکەڵی خەڵک نەبم و لە ماڵەوە بمێنمەوە. مامۆستا کامیل ئێستا بەپێیەکانی خۆی هاتوچۆ دەکات، بەڵام کێشی تەنها 52 کیلۆگرامە، لەو کاتەوەی نەشتەگەری ئەنجامداوە نزیکەی 6 کیلۆ لە کێشی دابەزیووە. **وەکو خۆی دەڵێت:** پزیشکەکانی پێیانگوتووە دەبێت کێشی بگاتە 60 کیلۆگرام.

لەبارەی هاوکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو بەرکەوتووەی چەکی کیمیاوی گوتی: بەسوپاسەوە بەڕێز مەسرور بارزانی بڕی 30 هەزار یۆرۆی بۆ کڕێی خانوو و خەرجی منداڵەکانم بۆ دابینکردووم، چونکە حکومەتی ئەڵمانیا پێیان راگەیاندم تەنیا خەرجی خۆم دابین دەکەن.

لەبارەی خزمەتکردنی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاویشەوە، ناوبراو دەڵێت: بە شێوەیەکی گشتی خزمەتی بەرکەوتووانی کیمیایی وەک پێویست نەکراوە، پێویستە ئاوڕی جدییان لێ بدرێتەوە و خزمەتی شایستە بکرێن بۆ بەسەرکردنەوەی مەرەزە، یان گۆڵە برنجەکان لە پارێزگای هەولێر، سەردانی (باتاس)مان لە ناحیەی هەریر کرد.

بۆ ئەم مەبەستە لە هەولێر بەرەو هەریر بەڕێکەوتین، هەر کە لە دەشتە بەناوبانگەکەی هەریر و باتاس نزیک دەبیتەوە، رووبەرێکی زۆری ئەو ناوەت دیتە بەرچاو کە کراوەتە برنج، گۆڵە برنجەکانی باتاس سەوز دەچن، چەند مانگێک تەمەنیان بەڕێ کردووە. لە باتاس دوای پشوویەکی کورت، لەگەڵ نامق عەبدولخالق یەکێک لەو جووتیارانەی برنجییان چاندووە، رووماں کردە ئەو رووبەرە زۆرەی بە برنج چێندراوە، سەرەتا لەبارەی ئەوەی ئاخۆ ئاو بەشی چاندنی برنج دەکات، گوتی: ئاووهەوای کوردستان بۆ چاندنی برنج لەبارە، بۆیە لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان برنج دەچێندرێت. لە هەندێ ناوچەی کوردستان بەتایبەت پارێزگای سلێمانی پێی دەڵێن (مەرەزە)، بەڵام لە ناوچەکانی دی، بەتایبەت پارێزگای هەولێر و ئاکرێ لە پارێزگای دهۆک، پێی دەگوترێت (گۆڵە برنج).

خەبات: ئەو ناوچانەی کە باسیان کرد، ئاو بەشی چاندنی برنجیان دەکات؟

نامق عەبدولخالق: بەڵێ ئاو باشە، یارمەتیدەرە بۆ چاندنی برنج، نەبۆتە گرفت، بۆیە ئەو دەشتە دەبینن، کە رووبەرێکی زۆر کراوەتە برنج.

لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و وەرزی چاندن، ئەو جووتیارە قسەی بۆ کردین و گوتی: ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبووەتە ڕێگر، ئەگەر لە کەرتی بازرگانی و بازاڕ بەشێوەیەکی گشتی، کۆرۆنا بووبێتە کۆسپ، ئەوا بۆ ئێمە بە پێچەوانە بووە، چونکە لە کاتی یەکەم کەرەنتین لە مانگی ئادار، وەرزی چاندنی برنجیش دەستی پێکرد. ئەگەرچی کەرەنتین و لە ماڵ مانەوە و قەدەغەی هاتوچۆ، بۆ هەموو خەڵکی کوردستان زەحمەت بوو، بەڵام ئێمە هەوڵمان دا دانەنیشین، روومان کردە دەشت و دەر، بۆ کێڵان و دروستکردنی گۆڵە برنج.

تێبینیمان کرد، رووبەرێکی زۆری دەشتەکەی دامێنی باتاس کراوەتە گۆڵە برنج، لە وەڵامی ئەوەی ئاخۆ هۆی چییە برنج زۆر چێندراوە؟ نامق عەبدولخاق گوتی: لێرە ساڵانە برنج دەچێندرێت، بەڵام دەتوانم بڵێم، هیچ ساڵێک وەک ئەمساڵ برنج زۆر نەچێندراوە، ئێوە ئەم دەشتە دەبینن، کە رووبەرێکی زۆری گۆڵە برنجە، ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە، یەکیان ئەو بارودۆخەی دارایییەی چەند ساڵێکە، بەهۆی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، کە بووەتە هۆی ئەوەی موچە دوا بکەوێت، لێرەش وەک ناوچەکانی دیکەی کوردستان، بێ ئیشی و نەبوونی موچە، هەژاری و دەستکورتیی بەدواداهات، بۆیە خەڵکێکی زۆر برنجیان چاند. هۆی دووەمیش دەتوانم بڵێم ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو، چونکە خەڵک لە کەرەنتین تۆقی، دەرچوونیش بۆ هیچ شوێنێک نەبوو، بۆیە بێ ئیشی و دەستکورتی و هەبوونی کاتێکی زۆر، زەمینەی ڕەخساند کە خەڵکێکی زۆر روو لە چاندنی برنج بکەن.

لەبارەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و پاکیی برنج لە بەرد، ئەو جووتیارە گوتی: ساڵانە برنج لە باتاس چێندراوە، بەڵام راستییەك هەیە پێویستە باسی بکەم، ئەویش ئەوەیە جاران پاش دروێنە، کە بە دەست دەکرا، شوێنێك ئامادە دەکرا و بە تراکتۆر چوون و هاتن لەسەر برنجەکە دەکرا، قۆناغی پێش تراکتۆریش بە وڵاخ گێرە بۆ دانەوێڵە بەگشتی دەکرا، بەمەش برنجەکەمان لە سەردەمی پێشوو، ڕێژەی بەرد تیایدا زۆر بوو. بەڵام ئێستا دروێنە بە دەراسە دەکرێت، زۆر بە ئاسانی دان و پووشەکەی لێك جیا دەکرێتەوە، قۆناغی دواتریش ئاشە، کە لێرە هەمانە. بەڵام وەك باسم کرد، بەهۆی ئەوەی دەڕاسە لە دروێنەی برنج بەکاردێنین، برنجەکەمان لەچاو جاران زۆر پاکە.

لەبارەی جۆری برنجی باتاس، ئەو گوتی:برنج سێ مانگیی و شەش مانگیی هەیە، هەروەها برنجی سەدریش لێرە دەچێندرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە باتاس هەموو جووتیارەکان، برنجی شەش مانگی دەچێنن، کە لە بەهارەوە دەچێندرێت و لە وەرزی پایز دەدروێتەوە.

یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی بەروبوومی کشتوکاڵی لە کوردستان، بە بازاڕکردنە، کە سااڵنە جووتیارەکانی کوردستان، دەبنە قوربانیی بێ بەرنامەیی حکوومەت و جووتیار، کە ئەنجامەکەی بەوە دەگات، جووتیار زەرەر بکات، ئەمەش هۆیەکی سەرەکیی پاشەکشەی بەروبوومی خۆماڵییە. بەو پێیەی لە باتاس رووبەرێکی زۆر کراوەتە برنج، بۆیە ئەو پرسیارەمان لێ کرد، ئاخۆ ترسی ئەوەتان نییە وەك بەروبوومی تەماتەی ئەمساڵ، نەتوانن برنج لە بازاڕ ساغ بکەنەوە و زیانتان پێ بکەوێت؟ **لە وەڵامدا گوتی:** ئێمە ئەو مەترسییەمان نییە، لەبەر دوو هۆ، یەکیان ئەوەیە دەتواندرێت برنج بۆ ماوەیەك هەڵبگیرێت، دووەم هۆ ئەوەیە، برنجی باتاس ناوبانگی هەیە، وێڕای ئەوەی بۆ خۆمان بەکاری دەهێنین، لە هەمان کاتدا داواکاری زۆر لەسەر برنجەکەمان هەیە، شوکور بۆ خوا کڕیار خۆی دێتە باتاس و برنج دەکڕێت، برنجی باتاس لە کوردستان ناوبانگی هەیە و لە زۆربەی شارەکان، بەتایبەتیش سلێمانی و کۆیە و هەولێر و ڕواندز و شەقڵاوە، کڕیار دێن و دەیکڕن، چونکە ئێستا لە چێشتخانەکانیش برنجی کوردی بەکاردهێندرێت.

ئاو هۆیەکی گرنگ و سەرەکیی چاندنی برنجە، لە کوردستان ئاو زۆرە، لەلایەکی دیکەش برنج خواردنێکی سەرەکییە، بۆیە برنج تووشی قەیرانی تەماتە نابێت، بەڵام مادام زەوی بەراو و هۆی دیکەی سەرکەوتنی ئەو بەروبوومە هەیە، پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ، بەرنامە و پلانی بۆ چاندنی برنج و زیادکردنی ڕووبەری چێندراو هەبێت. لە لایەکی دیکەیشەوە، پێویستە دامودەزگای ڕاگەیاندن، لەڕێگەریی بازرگانان نەبن و تەنیا ڕێکلام بۆ کاڵا و بەروبوومی دەرەوە بکەن، بەڵکو ئەرکێکی نیشتمانییە، کە گرنگی بە بەروبوومی خۆماڵی بدەن.

گۆڵە برنجەکانی باتاس..

سەرچاوەیەک بۆ خۆڕێوی و پاراستنی بەروبوومی خۆماڵی



جووتیارێک: برنجی باتاس لە کوردستان ناوبانگی هەیە و داواکاریی لەسەرە، لە زۆربەی شارەکان کڕیار بەدوایدا دەگەڕێن.

بێ ئیشی و نەبوونی موچە و هەژاری و کەرەنتین، خەڵکێکی زۆری هانداوە برنج بچێنن.

خەبات: رانیار دڵشاد

برنج خواردنێکی سەرەکیی دانیشتووانی کوردستانە، بۆیە بووەتە یەکێك لەو بابەتانەی بازرگانییەکی زۆری پێوە دەکرێت، بازاڕەکانی کوردستان پڕکراون لە برنجی جۆراوجۆر، یەکێك لە کێشەکانی بازاڕی کوردستان، خۆراکی ساختەیە، کە بەداخەوە هۆیەکی سەرەکیی نەخۆشییە، برنجیش وەك خواردنێکی سەرەکی، لە مەترسیی ساختەکاری بەدەر نییە، بۆیە هاوواڵتیان هەندێ جار، بە چاوی گومانەوە سەیری دەکەن، تەنانەت لە تۆڕە کۆمەاڵیەتییەکان ڤیدیۆی ساختەکاری، بااڵو دەبێتەوە و دەستا و دەستی پێ دەکرێت، لە بەرامبەردا برنجی کوردی هەڕمێنی پەیدا بووە، ئەمە لە کاتێکدایە، برنجی جۆراوجۆری هاوردەکراو، زۆرترین ڕێکلامی بۆ دەکرێت، بەڵام برنجی کوردی بەبێ دەنگی دەچێندرێت و دەگاتە دەستی هاووڵاتی بێ ئەوەی ڕێکلامی بۆ بکرێت.



نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چاودێری چڕ لە هەولێر دەکرێتەوە

سەرمایەدارێکی شاری هەولێر بەناوی حاجی چۆلی خۆشناو، نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چاودێری چڕ بەناوی لالاف دەکاتەوە کە بودجەکەی سێ ملیۆن دۆلارە. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەکەی بەسەرکردەوە و رایگەیاند، لەهەولێر نەخۆشخانەی تایبەت بە چاودێری چڕ نەبووە و دروستکردنی ئەو پرۆژەیە زۆر گرنگ و پێویستبوو.

نەخۆشخانەکە 40 قەرەوێلەییە، 10 رۆژە دەست بە کارەکانی کراوە و بڕیارە لە دوومانگی داهاتوو کارەکانی تەواوبکرێت.

پارێزگاری هەولێر لەبارەی «وەرگرتنی 50 هەزار دینار» روونکردنەوە دەدات

نووسینگەی پارێزگاری هەولێر روونکردنەوەی لەبارەی لێدوانێکی فرسەت سۆفی بڵاوکردەوە و رایگەیاند «لێکدانەوەی هەڵەی بەمەست و بێمەبەست بۆ قسەکانی کراوە».

پێشتر لە 11-7-2020 فرسەت سۆفی لەدوای کۆبوونەوەی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی هەولێر بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە لێدوانێکدا بۆ کوردستان24 گوتبووی «ژیانی خەڵک زۆر خراپە، ڕەوشی کۆرۆناش خراپتر، ئەوەی لەسەر شانمانە وەکو پارێزگا، ئیدارە، حکومەت و ژووری ئۆپەراسیۆن کردوومانە، بەڵام ئێستا لەسەر خەڵکە خۆیان بپارێزن».

ئەم گوتانەی فرسەت سۆفی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا بوون، سەبارەت بە دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی 40 قەرەوێلەیی تایبەت بە چاودێریی چڕ لە هەولێر، کە باسی لە دەستپێکردنەوەی هاتووچۆش کرد لەنێوان پارێزگاکان، بەڵام لە ژمارەیەک میدیا گوتەکانی وەک خۆی بڵاونەکراونەتەوە.

دەقی روونکردنەوەی نووسینگەی پارێزگاری هەولێر

لەلایەن هەندێک کەس و میدیا، لێکدانەوەی هەڵەی بەمەست و بێمەبەست بۆ قسەکانی پارێزگاری هەولێر کراوە کە دوێنێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لەسەر هاتنە ژوورەوەی خەڵکی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بۆ پارێزگای هەولێر کردنی.

پارێزگاری هەولێر زۆر بەڕوونی ڕایگەیاند: «لەپێناو کارئاسانی هاتنە ژوورەوەی هاوڵاتییانی شارەکانی دیکەی عێراق جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێر بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر، سەرقاڵی دارشتنی میکانزمێکن بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە بتوانن بێنە ناو شاری هەولێر بەمەرجی ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی لەسەر ئەرکی خۆیان و بە نرخێکی گونجاو، ئەمەش هەم بۆ کارئاسانی هاوڵاتییان و هەمیش بۆ پەرەپێدانی جموجۆڵی بازرگانی و ڕانەوەستانی کاروکاسبی خەڵک»، بۆیە هەرچی دیکەی دەگوترێ بێجگە لەوەی کە باسکراوە دووری لەڕاستی و مەبەست لێی تەنها بڵاوکردنەوەی چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکانە.

نوسینگەی پارێزگاری هەولێر

2020.7.13

ئەندامێکی لێژنەی وەبەرهێنانی پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، دانانی بەردی بناغەی شەقامە 100 مەتریی یەکەی سلێمانی، هەنگاوێکی گرنگ و وەڵامی هەموو ئەو چەواشەکارییانەی دایەوە کە لە بارەی جیاوازیکردن لە نێوان ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەکران. ڕۆژی شەممە 11ی تەموزی 2020، بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەردی بناغەی شەقامی 100 مەتریی سلێمانی دانرا کە پرۆژەیەکی ستراتیژیی و بە سێ قۆناغ جێبەجێ دەکرێت، سەرجەمی ڕووبەری پرۆژەکە 146 کیلۆمەترە و بڕی 400 ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە.

لەمبارەیەوە بەهەمەن عەبدوڵا، ئەندامی لێژنەی وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان کە هاوکات ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بە خەباتی ڕاگەیاند: دانانی بەردی بناغەی شەقامی 100 مەتری لە شاری سلێمانی، هەنگاوێکی گرنگ و ستراتیژیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، وەڵامێکیشە بۆ هەموو ئەو چەواشەکارییانەی کە لە پێشووتر دەکرا بەرامبەر بەم حکوومەتە و گوایە جیاوازی لە نێوان شارەکانی کوردستان دەکات، بە تایبەتیش ئەو تۆمەتانەی کە دەکرا بۆ سەرۆکی حکوومەت و دەیانگوت گرنگی بە سلێمانی نادات و پرۆژەی 100 مەتریەکە پەکی کەوتووە. ڕوونیشی کردەوە: چوونی سەرۆکی حکوومەت بۆ سلێمانی و دانانی بەردی



بناغەی ئەم شەقامە بە دەستی خۆی، دابین کردنی بڕی 400 ملیار دینار بۆی، باشترین وەڵام بوو، گرنگیی شاری سلێمانی دەرخست لە لای سەرۆکی حکوومەت و کابینەکەی.

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی جەختیشی کردەوە کە کابینەی نۆیەمی حکوومەت کۆمەڵێک کاری گرنگی لە بواری ئاوەدانکردنەوە کردووە، بە تایبەتیش ڕێگە ستراتیژییەکان، بە تەواوبوونی ئەم شەقامە، هەردوو ڕێگەی هەولێر و کەرکووک بە ڕێگەی گەرمیان - شارەزوور دەبەستێتەوە، ئەمەش پاڵپەستۆ لەناو شاری سلێمانی ناهێڵێت و دەبێتە ڕێگەیەکی ئاسان بۆ هاوڵاتییان. هەر لە لێدوانەکەیدا، داوای لە سەرجەم ئەوانەی کرد کە بانگەشەی ناڕاست دەکەن، بۆ ئەوەی لە کاتی دەرکەوتنی ڕاستییەکاندا ئیحراج نەبن، خۆیان لەم بانگەشانە بەدوور بگرن و هەوڵبدەن هاوکاری حکوومەت بن لە جێبەجێکردنی پلانەکانی.



بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر:

ئەگەر هەیە هەفتەی داهاتوو گەشتەکان دەستپێبکەنەوە



تەلار فایەق، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، تاوەکو 22/07/2020 گەشتەکان ڕادەگیرێن، بەڵام هەفتەی داهاتوو بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێت کە ئایا گەشتە ئاسمانییەکان دەکرێنەوە یان نا.

ڕاشیگەیاند، بەغدا داوای لە ئێمە کردووە، دیراسەی دۆخەکە بکەین و بڕیار بدەین، بەڵام ئێستا ئەوە ڕوونە، ئەگەر هەیە هەفتەی داهاتوو گەشتەکان دەستپێبکەنەوە، بەڵام دوا بڕیار لە لای فڕۆکەوانیی بەغدایە.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئێمە وەکو فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی ئامادەین بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکەمان. ڕوونیشکردەوە، بەهۆی داخستنی فڕۆکەخانەکە، زیانی زۆریان بۆچوونی خۆمان ڕابگەیەنین، ئەگەر هەیە هەفتەی داهاتوو گەشتەکان دەستپێبکەنەوە، بەڵام دوا بڕیار لە لای فڕۆکەوانیی بەغدایە.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئێمە وەکو فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی ئامادەین بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکەمان. ڕوونیشکردەوە، بەهۆی داخستنی فڕۆکەخانەکە، زیانی زۆریان بەو کۆمپانیایانە گەیاندووە کە کاریان تێدا دەکرد، بەتایبەتی ئەو کۆمپانیایانەی کە ئۆتۆمبێلی گرانبەها دەهێنن، بۆیە داوای لە حکوومەت کرد، ڕێگەیان پێبدرێتەوە بۆ هەوڵدان بۆ کارکردن.

پێگەیشتووە و هەوڵ دەدەن هەنگاو بە هەنگاو لە دوای کردنەوەی فڕۆکەخانەکان قەرەبووی زیانەکان بکەنەوە.

تەلار فایەق ئەوەشی خستەڕوو، لە ئەگەری کردنەوەی فڕۆکەخانەکان، گەشتەکان بە مەرج نەبن. دەبێت ڕێکاری پێویست هەبێت.

ژمارەیان گەیشتە سێ هەزار و 250 کەس

عێراق گیان لەدەستدانی 100 کەسی دیکەی بەهۆی کۆرۆنا ڕاگەیاند



وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق ڕایگەیاند، ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە، بەرزبووەتەوە بۆ سێ هەزار و 250 کەس و کۆی گشتیی تووشبووانیش بەو ڤایرۆسە، گەیشتووەتە 79 هەزار و 735 کەس.

دوێنێ دووشەممە وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا، دواییین ئاماری سەبارەت بە ژمارەی قوربانییانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە لە عێراق لە میانی 24 کاتژمێردا، دوو هەزار و 229 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، هەروەها 100 کەسی دیکەیش بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە گیانیان لەدەستداوە. ئاماژە بەوەیش دراوە کە هەر لە میانی 24 کاتژمێرەکەدا، دوو هەزار و 274 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ چاکبوونەتەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، کۆی گشتیی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق، گەیشتووەتە 79 هەزار و 735 کەس و لەو ژمارەیەش سێ هەزار و 250 کەس گیانیان لەدەستداوە و 46 هەزار و 998ی دیکەش چاکبوونەتەوە.




عەلی حوسێن و عیرفان کەرکوکی جەخت لەیەکگوتاری سەرجەم لایەنە سیاسیەکان دەکەنەوە



بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو هەستیاری قۆناغەکەو هەنگاو دانووستانەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق تیشکی خرایەسەر .
دوێنێ عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانیەکان و ئەندامانی مەکتەب پێشوازی کرد لە عیرفان کەرکوکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی گەلی تورکمان ....
لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان وێرای باسکردن لەپاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەی کوردو تورکمان لە پێناو خزمەت کردن بەئەزموونی دیموکراسی و خەڵکی کوردستان و تایبەت شاری کەرکوک، هەروەها بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو هەستیاری قۆناغەکەو هەنگاو پەیوەندییەکانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دواییین گۆرانکاری و پێشهاتە تازەکان لەم بارەیەوە تیشکی خرایەسەر، لەهەمبەر هەموو ئەم پرسانە هەردوولا تەئکیدیان لەهەماهەنگی و یەکگوتاری زیاتری لایەنە سیاسیەکان و تەواوی پێکهاتەکان کردەوە بۆ پاڵپشتی لەقەوارەی دەستوریی هەرێمی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، لەلایەن خۆیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی رۆژلی پارتی گەلی تورکمان و تەواوی پارت و لایەنە تورکمانیەکانی لە هاوکێشە سیاسیەکان وهەلوێستیان بەرامبەر پرسە سیاسی و نیشتمانیەکان تەواوی هەنگاوەکان بەبایەخەوە هەڵسەنگاند ..

پارێزگەری دهۆکێ ...پێشوازیا کونسلێ وەلاتێ فرەنسا ل هەرێمێ کر




د.علی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا (ئولیڤی دیکوتینی) کونسلێ وەلاتێ فرەنسا ل هەرێما کوردستانێ کر.
دههڤدیتنەکێ دا بەحسێ پەیوەندییێن دوو قۆلی دناڤبەرا هەرێما کوردستانێ و فرەنسا و ئەو هاریکاریێن حکومەتا فرەنسا دبیاڤێن مروڤایەتی و سیاسی و لەشکری دا پێشکێشی هەرێما کوردستانێ دکەت ب گشتی هاتە کرن.
کونسلێ فرەنسا پیروزباهیا پارێزگەرێ دهۆکێ کر بو وەرگرتنا پوستێ نوو یێ پارێزگەریا دهۆکێ وسەرکەفتن بو خواست و بەرهەڤیا وەلاتێ خو دیارکر بو پتر موکومکرنا پەیوەندیان.
ژلایێ خوڤە پارێزگەرێ دهۆکێ بخێر هاتنا کونسلێ فرەنسا کر و سوپاسیا حکومەتا وی وەلاتی کر ل دور ئەو هاریکاریێن بو هەرێما کوردستانێ پێشکێشدکەن و پشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاریەکێ دگەل ڕێکخراوێن فرەنسی ئەوێن کارێن مروڤایەتی ل پارێزگەهێ ئەنجامدەن.

23پروژێن خزمەتگوزاری ل سنورێ قەزایێن پارێزگەها دهۆکێ دێ هێنە ئەنجامدان



د.علی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ سەرپەرشتیا کۆمبوونەکا تایبەت دگەل تیمێ سندوقا پەرەپێدانا کۆمەلایەتی لقێ دهوک کر.
دکۆمبوونێدا بەحسێ وان پروژێن خزمەتگوزاری هاتە کرن یێن کو بریارە وەزارەتا پلان دانانا عیراقێ ب پشتەڤانیا پارێن قەرێن بانکا دەولەتی ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ بجهبینیت وچاوانیا دەست نیشانکرنا وان پروژا کو پتریا خەلکێ دەڤەرێ مفای ژێ وەرگرن هاتە کرن.
دکۆنگرەکێ رۆژنامەڤانی دا پارێزگەرێ دهۆکێ گوت: ئەڤرۆ مە سەرپەرشتیا کۆمبوونەکێ دگەل تیمێ سندوقا پەرەپێدانا کۆمەلایەتی لقێ دهوک کر ژبوو دەست نیشانکرن وبجهئینانا ژمارەکا پروژێن خزمەتگوزاری ل گوندێن سنورێ قەزا وناحیێن پارێزگەهێ وخەلکێ پتر ژ دە گوندان دێ مفای پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزکر کو دڤێت هەموو پروژێن خزمەتگوزاری ب دادوەری ل سەر ناوچێن دەڤەرێ بهێنە بەلاڤکرن وپتریا خەلکی مفای ژێ وەرگرن هەروەسا هەموو پروژە ل دەمێ دەست نیشانکری وب کوالیتیەکا باش ول دوڤ ریّنا ویاسایێن ئاڤەدانکرنێ بهێنە ئەنجامدان.
سەبارە پروژێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ بێن نە تومامکری گوت: سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ڕێزدار مەسرور بارزانی یێ رژدە کو هەموو پرۆژێن نیڤەرو بهێنە تومامکرن تایبەت پرۆژێن ستراتیجی وەکو فروکخانا دهوك وتونێلێن دەڤەرێ وئەم ژی دێ ب هەموو شیانا کاری ل سەر وان پروژا کەین.
هەژی گوتنێ یە ل دووڤ بەرنامێ سندوقا پەرەپێدانا کۆمەلایەتی لقێ دهۆك ل ئەڤ ساڵە(23)پرۆژێن نوو ل قەزایێن ئامێدیێ وئاکرێ وبەردەرەش وزاخو دێ هێنە ئەنجامدان نێزیکی 17 گوندێن وان دەڤەرا دێ مفای ژێ وەرگرن پروژە دبیاڤێ ئاف وکارەب وریّك وپەروەردێ دانە بهایێ وان (3) ملیار دینارن ب پشتەڤانیا وەزارەتا پلان دانانا عیراقێ ژقەرێن بانکا نیڤ دەولەتی پشکا پارێزگەها دهوکێ هاتینە دابینکرن .
ژڤان پرۆژان وەرگریت ، ئەڤ بەرنامە دێ بو ماوێ (5) ساڵا بەردەوامیبت لڤان پێنج ساڵا پتری (50) گوندا دێ مفای بینن.
هەروەسا گوت: ئەڤ پروژە ب ریّکا جڤاتیێن گوندا و ب هەماهەنگی دگەل کارگێریا پارێزگەهێ وتیمێ سندوقا پەرەپێدانا کۆمەلایەتی لقێ دهوك دێ هێنە دەست نیشانکرن پروژێن ساڵا دەربازبوی ل سنورێ قەزایێن دهوك وسمێل وئامێدیێ وشێخان هاتبونە بجهئینان وبو ئەڤ ساڵە ژمارەکا خەلکێ گوندێن قەزایێن ئامێدیێ وئاکرێ وبەردەرەش وزاخو دێ مفای ژێ وەرگرن.



سایلۆیا شێخان 37 هزار و 500 تەنێن گەنمی ژ جۆتیاران وەرگرتینە



ڕێڤەبەرێ سایلۆیا شێخان دیارکرکو هەر ژ ڕۆژا 10/6/2020ێ هەتا نۆکە ل قەزا شێخان 37 هزار و 500 تەنێن گەنمی ژ جۆتیاران هاتینە وەرگرتن.
تەییب تاهر، ڕێڤەبەرێ سایلۆیا شێخان دیارکرکوئەڤ ساڵە بۆ هەر دونەمەکا دەخلۆدانێ 130 کیلۆییێن گەنم ل شێخان دهێنە وەرگرتن ژ جۆتیاران. بەرامبەر دا ژی ل پارێزگەهێن دی یێن عێراقی بۆ هەر دونەمەکا دەخلۆدانێ 600 کیلۆییێن گەنم ژ جۆتیاران دهێنە وەرگرتن.
ل ڤێدەرێ غەدر ل جۆتیارێن شێخان دهێتە کرن مە خواست ڕێژا وەرگرتنا گەنمێ جۆتیارێن شێخان ژی وەکو یێن هەموو دەڤەرێن سەر موسل ڤە بیت داکو بشێن پتریا گەنمێ جۆتیاران وەربگرین».
خۆیا ژی کرکو سایلۆیا شێخان شیانێن وەرگرتنا 60 هزار تەنێن گەنم هەنە. هەتا نۆکە ل شێخان 37 هزار و 500 تەنێن گەنمی یێن هاتینە وەرگرتن ژ جۆتیاران وپرۆسەیا وەرگرتنا گەنم یا بەردەوامە».
ئاشکەراکر کو نۆکە دەخلۆدانێ جۆتیارێن ئاکرێ و بەردەرش و شێخان ل سایلۆیا شێخان دهێتە وەرگرتن».

هێزەکانی پۆلیسی هەولێر دوو کەسیان دەستگیر کرد

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد، هێزەکانیان لە شوقەکانی (MRF) بە کەمتر لە 14 کاتژمێر دوو تۆمەتباریان بە ناوەکانی (ع.ح.م) و (ر.و.ر) بە تۆمەتی دزینی بڕی 3 ملیۆن دینار و 7 هەزار و 500 دۆلاری ئەمەریکی و بڕێك زێڕ، دەستگیر کرد.
پۆلیسی هەولێر ئاماژەی بەوەشداوە، تۆمەتباران دانیان نا بە تاوانەکەیاندا، بۆیە بەپێی ماددە (446) لە یاسای سزادان، بەند کراون و دراونەتە دادگا.

وەڵامی نموونەیی بۆ پرسیارەکانی پۆلی 12 بە بەڕایی هەژمار دەکرێن و مافی هیچ قوتابییەک نافەوتێ

لە نووسراوێکی فەرمیدا وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئاگادارتان دەکەینەوە کە لە دوای تاقیکردنەوەیەکی هەر بابەتێکی ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ساڵی خوێندنی 2020-2019 لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ (کە نوێنەرایەتی گشتی پەروەردەکانن) وەڵامی نموونەیی بۆ پرسیارەکان دادەنرێت (ئەم وەڵامانە بە وەڵامی بەڕایی هەژمار دەکرێن. ئەمەش دەقی نووسراوەکەیە:

هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان
لێژنەی باڵای ئەزموونگشتییەکان
Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education
إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للامتحانات
اللجنة العليا للامتحانات العامة
ژمارە: (٤٥)
No:
ڕێکەوت: ١٦/ 7/ 2020
Date: / 7/ 2020
2720 ی کوردی
بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی / هەولێر-سلێمانی-دهۆک-گەرمیان-هەڵەبجە
بابەت / وەڵامی نموونەیی
ئاگادارتان دەکەینەوە کە لە دوای تاقیکردنەوەی هەر بابەتێکی ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ساڵی خوێندنی (2019-2020)لە لایەن لێژنەیەکی پسپۆڕ (کە نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکانن) وەڵامی نموونەیی بۆ پرسیارەکان دادەنرێت (ئەم وەڵامانە بە وەڵامی بەڕایی هەژماردەکرێن) و دوایی ڕاوێژی زیاتر و وەرگرتنی سەرنج و تێبینی کەسانی شارەزا لە بابەتەکان و لە کۆتا ڕۆژی تاقیکردنەوە گشتییەکاندا،ئەم وەڵامانە یەك بنیر وەردەگرن و دەبنە بنەمایەك بۆ پشکنینی سۆماکان، وە پرۆسەی پشکنینی سۆماکان لە بەرژەوەندی قوتابیان و خوێندکاران یەکلایی دەکرێتەوە و مافی هیچ قوتابی و خوێندکارێك نافەوتێ.
لەگەڵ ڕێزدا ....
کریم لطیف اسماعیل
سەرۆکی لێژنەی باڵا
وێنەیەك بۆ :
• نووسینگەی بەڕێوەبەری بەروەردە لە گەڵ ڕێزدا
• لێژنەی باڵای ئەزموونگشتییەکان .
• بەڕێوەبەرایەتی ئەزموونەکان

پسەنامە

بارەگای بارزانی سەرەخۆشی لە نەقیب فاخیر تاجەدین ئاغای سورچی دەکات بەناوی خودای گەورە و بەخشندە
بەڕێز، نەقیب فاخیر تاجەدین ئاغای سورچی
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاکە(زیاد تاجەدین) ی براتانمان پێگەیشت.
هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو کە زیادی براتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە ببەخشێت.
انا لله وانا اليه راجعون
بارەگای بارزانی



لەسەروبەندی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی

چاکسازی خواستی خەڵکە و دەبێ جێبەجێ بکرێت



وەیسی سەعید وەیسی

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بەدەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبووی دانیشتنی ژمارە(15) پرۆژەی یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و موچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکەی پەسند کرد، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاساکەی دەستپێکردووە.

بەمەش یەکێک لە بەشە گرنگەکانی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت، کە هەنگاوێکی هەرە گرنگی چاکسازییە لە هەر دوو بواری کارگێری و داراییدا.

بەدڵنیاییەوە هەنگاوی تریشی بەدوادا دێت بۆ چاکسازی کە مەبەست لێیان تەنها بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و هێنانەدی داپەروەرییە. هەرچەندە پرسی چاکسازی دیارترین دروشمی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی لایەنەکان بوو، کە بەڵێنی بەدێهێنانی داپەروەری و نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازییان دەدا، بەڵام وەک تێبینی دەکرێت، بەبیانووی کەمکردنەوەی موچەی فەرمانبەران هەوڵی دروستکردنی ئاستەنگ و دژایەتیکردنی یاساکە دەدرێت، کە ئەمەش بریارێکی مەترسیدارە و خۆکوژیی سیاسییە.

چونکە یاسای چاکسازی لەم قۆناغەدا گەورەترین خزمەت بەرەوشی دارایی هەرێمی کوردستان دەکات .

هەرچەندە لەم کابینەیەدا ئیرادەی چاکسازیخوازان زۆر بەهێزە کە خودی بەرێز مەسرور بارزانی بەڵێنی جێبەجێ کردنی یاساکەی داوە، بۆیە بەدڵنیاییەوە هەردەبێ جێبەجێ بکرێت، کە پێویستە بۆسەرخستنی هەرهەموومان پشتیوانی لێبکەین و تێکەڵی ناکۆکییە سیاسییەکان نەکرێت، چونکە لەبنەڕەتدا یاساکە هی هەموو لایەنەکانی بەشداڕە لەکابینەی نۆیەم. بە ئەنجامدانی چاکسازیش جگە لەوەی کارەکان زیاتر شەفاف دەبن و دادپەروەری دێتەدی، لە هەمانکاتدا ڕێگریش دەکرێت لەوەی چیتر لەژێر هەر ناو و بیانوویەک بێت سامانی گشتی بەهەدەر بدرێت یان بەمیزاج و بە نایاسایی پلە بەرزبکرێتەوە، یا خەڵک خانەنشین بکرێن. بەگشتی خەڵکی شایستە مافەکانیان پارێزراو دەبێت.

هەرچەندە ئەم یاسایە تەواوی چاکسازی نیە لەهەرێمی کوردستان، بەڵکو بەشێکی هەرە گرنگە بۆ چاکسازی کە هەنگاوی تری بەدوادا دێت لەسێکتەرەکانی تردا و لەماوەی چەند مانگی ڕابردووشدا هەنگاوی باش و گرنگ بەو ئاراستەیە نراون. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسرور بارزانی لە گوتارێکیدا بە ئاشکرا ئاماژەی بەوە دا کە چاکسازی داواکاریی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە و بەڕێزیشیان لە سەنگەری هاوولاتیاندا دەمێنێتەوە و لە چاکسازیش پاشگەز نابێتەوە.

هەرچەندە ڕاستە خەڵکانێک زیانیان پێدەگات لە چاکسازی، بۆیە ئاستەنگ و تەگەرەی بۆ دروست دەکەن، بەڵام هەروەک سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند گرنگە لە بەرەی هاوولاتییاندا بین و ئەم خواستەیان جێبەجێ بکرێت. چۆن ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە چاودێری چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکە بکات، حکوومەتیش دەبێت بەپێی یاساکە هەرسێ مانگ جارێک ڕاپۆرتی خۆی ئاراستەی پەرلەمان بکات. مافی هاوولاتیانیشە بەدواداچوون بۆجێبەجێکردنی یاساکە بکەن و لەڕاستی هەموو بابەتەکان ئاگاداربن و چیتر خەڵکانێک بۆ مەبەستێکی سیاسی خەڵک چەواشە نەکەن.

کە لەئێستادا وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گشتاندنی بۆ دوو ڕێنمایی دارایی کرد، کە بە ژمارە (12) و (13) ئاراستەی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی کردووە کە بە گوێرەی ڕێنماییەکە، پێویستە سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێم پێداچوونەوە بە مەبەستی ڕێکخستنی پلە و ناونیشان و موچەی وەزیفی سەرجەم موچەخۆرانیان بکەن. بەجۆرێک هەر ڕێکخستنەوەیەک بکرێت پێویستە لە چوارچێوەی وەزیفی گشتیدا بێت، لەسەر بنەمای بڕوانامە و خزمەتی فێعلی و ئەو خزمەتانەی کە بە پێی یاسا بەرکارەکان هەژمار کراون و هیچ خزمەتێک هەژمار ناکرێت ئەگەر بە پێی یاسا نەبووبێت، بۆئەمەش بەمەرجی دانراوە کە بە دۆسیەی فەرمانبەرەکانیدا بچنەوە لە ڕووی پلە و ناونیشانی وەزیفی و موچەکان و پێشنیازەکانیان دەخەنە بەردەست لیژنەی باڵای وەزارەتەکانیان بۆ پەسندکردن.

بەم ڕێنماییانەی وەزارەتی دارایش دەردەکەوێ کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی بەکردار خستە واری جێبەجێ کردنەوە.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی



د.ئیان سلێمان

نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی گەورە و دێرین، لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان زیاتر باجی ناسنامەی نەتەوەیی داوە، ئەمەش لەبەر هەڵکەوتە جوگرافییەکەی و دەورەدانی بە ولاتانێکی ڕەگەزپەرست. دوای کاروانێکی دوردرێژی تێکۆشان و ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ چەندین پرۆسەی کۆمەڵکوژی و لەناوبردن، هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی و دەستوری لە ئەنجامی پرۆسەیەکی یاسایی و دیموکراسی دامەزرا، سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان ئەم قەوارەیە لە زۆر لایەنەوە وەک: دیموکراسی و ڕای ئازاد، مافی ئافرەت، پێکەوەژیانی ئاشتیانەی پێکهاتە ئاینی و ئێتنییەکان نمونەی ئەزمونێکی سەرکەوتوی کەم وێنەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام سەقامگیری و پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئەم ئەزمونە هەرگیز بە دڵی سیستەمە دەسەڵاتدارەکانی نەتەوە باڵادەستەکانی دەوروبەرمان نییە، بۆیە بەردەوام لە ژێر مەترسی و لە چوارچێوەی پیلانگێڕییەکاندا بووە و تاکە پرسیش کە ئەم وڵاتانە کۆدەکاتەوە دژایەتیکردنی مافە نەتەوەییەکانی کوردە!.


لەمڕۆدا هەرێمی کوردستان لەنێو گێژاوی ستەمی دەسەڵاتدارانی عێراق و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ هاوکات بەڕێوەچوونی پرۆژەیەکی مەترسیدار لەلایەن نەیارە میژوویییەکانی پرسی کورد بۆ لاوازکردن و نەهێشتنی هەستی نەتەوەیی و ئەرک و پابەندییە نەتەوەییەکاندایە. ئینتیما بۆ نیشتمان بە ئامانج کراوەو بەشێوەیەکی سیستەماتیک کار بۆ لاوازکردن و نەهێشتنی دەکرێ، بە ناوی ڕای ئازادەوە کێشە و قەیرانەکان دەکرێنە پاساو بۆ بەلاڕێدابردنی خەڵک و هێرشکردنە سەر نەتەوە و نیشتمان و قەوارەی هەرێمی کوردستان. لای هەموان ڕوونە کە خۆشەویستی تاکی کورد بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆشەویستییەکی کەم وێنەیە و سەرەڕای هەموو پیلانگێڕی و کێشەکان، گەلی کوردستان لە هیچ بارودۆخ و لەژێر هیچ فشارێکدا نیشتمانی خۆی بە تەنیا بەجێنەهێشتووە و هەمیشە ئامادەی فیداکاری بووە بۆ نەتەوەکەی. نزیکترین نمونە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوو، کە سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان، کوردستانیان بە دەنگی ڕەهای بەڵێ پابەندییان بۆ کوردستان دووپاتکردەوە. هەر ئەمەش وایکرد دوژمنانی کورد هەرچی فشارە لەسەر هەرێمی کوردستان تاقی بکەنەوە و لەو ڕێگەیەوە هەوڵی لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی کورد بدەن.

ئەوەی لە ئێستادا وەک نەتەوەی کورد پێوستمان پێبەتی هۆشیاری نەتەوەییە، هۆشیارییەک کە لە دەوری بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کۆمان بکاتەوە، هۆشیارییەک بۆ پێگەیاندنی نەوەیەک کە خاوەن هەستێکی بەرزی نەتەوەیی بێ و بزانێت کە کێشەی نەتەوەکەی پێش ئەوەی کێشەیەکی دارایی و ئابووری بێ کێشەیەکی سیاسیی و پرسی ڕەوای میللەتێکە، لەو چوارچێوەیەدا ئافرەتانی کوردستان دەتوانن ڕۆڵی گەورە لە پەروەردەکردنی ئەم نەوەیەدا ببینن. ئەمەش لەبەرئەوەی ئافرەت ستونێکی سەرەکییە لە پرۆسەی پەروەردەدا. ئافرەتان دەتوانن فراوانتر بێنە مەیدان و ئەم قۆناغە بکەن بە قۆناغی سەلماندنی توانا‌کانیان، بە زیاتر خۆهۆشیارکردنەوە و هاتنە مەیدانی کار و بەشداریکردن لە بوژانەوەی بەرهەمی ناوخۆیی و بەرەوپێدان و گەشەسەندنی. چوونە بازاڕ و گرتنەدەستۆی ئەرک و کار، بێگومان ئەمە تەنها بە ئافرەت ناکرێ و پێویستی بە ڕەخساندنی دەرفەت و ڕاهێنان و گەشەدانە بە بەهرە و لێهاتوییەکان، بەڵام ئەوەی گرنگە شکاندنی ڕێگرییە ستەرەکتۆرییەکان و دڕدانە بە هەزری پیاوسالاری کە دەبێت خودی ئافرەت ئەو هەنگاوە بنێت.


یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی داکۆکیکار لە پرسی ئافرەت و خوازیاری بەدیهاتنی یەکسانی جێندەری، لە ڕوانگەی بڕوای تەواوی بە مافی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان، پرسی ڕزگاری نەتەوەیی وەک پرسێکی سەرەکی لە پرۆگرامی خۆی داناوە و بەردەوام کاری لەسەر کردووە، ئامانجەکانی لە نێوان ئاڕاستەی فیمینیزمی و نەتەوەخوازیدا هاوئاست و تەریبە. یەکێتی ئافرەتان کە نوێنەرایەتی زۆرترین ئافرەتانی کوردستان دەکات، بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە تائەوکاتەی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی هەبێ و سەقامگیری سیاسی بەرقەرارنەبێ، هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابوریشەوە بەرەوپێشناچێت و بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و پرۆسەی یەکسانیش هەنگاوی بەرەوپێشکەوتنی ئەستەم دەبێت، ئێمەی ئافرەتان تەنها لە سایەی قەوارەیەکی سەقامگیر و یەکڕیز و پشتئەستور بە هێزی جەماوەر دەتوانین ئاستی داواکارییەکانمان بەرز بکەینەوە، هەروەک لە سایەی ئەم قەوارەیەدا توانیمان مافەکانمان بە یاسایی بکەین و بگەین بە ئاستە باڵاکانی دەسەڵات و هەموو بواڕەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و فەرهەنگی.

یەکێتی ئافرەتان بە میکانیزمی جۆراوجۆر هەوڵی تەواو دەدات، بۆئەوەی ئافرەتانی کوردستان بگەن بە ئەوپەڕی ئاستی هۆشیاری جێندەری و نەتەوەیی، هۆشیاربن سەبارەت بە گرنگی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و خۆشەویستی و پابەندی بە نەتەوەو هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لە ئاست نەتەوە و بەرزڕاگرتنی بۆنە نەتەوەییەکان و پیرۆزکردنی لە هەزری منداڵەکانیاندا، بۆئەوەی نەوەیەکی نەتەوەخوازی بەرپرسیار بنێرنە کۆمەڵگە، هۆشیاربن لەبارەی بڕواکانی کۆمەڵگە سەبارەت بە ڕۆڵ و ئەرکی ئافرەت و ئەو ڕێسا و پێوەرانەی بۆ ڕۆڵی ئافرەت دانراون و ئاستی گونجاویان لەگەڵ بارودۆخی ئێستا و پرەنسیبەکانی یەکسانی جێندەری، لەو چوارچێوەیەشدا ئافرەتان پشتیوانی ئەم ڕێکخراوەبن تا ڕێکخراوەکەش پشتئەستور بێ بە هێزی ئەوان و هێزێکی فشاربێ بۆ زیاتر کارابوونی ڕۆڵی ئافرەت لە بواری سیاسی و ئاوەندی بڕیار و گشت سێکتەرەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگە بە ئامانجی گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و یەکسانی جێندەری، بەو پێیەش ئەم قۆناغە پڕ کێشە و قەیرانە بکەین بە قۆناغی سەلماندنی توانا‌کانی ئافرەت.





دەرهاویشتەکانی پەیمانی لۆزان



ئەسرین عاسی شوانی

پەیمانی لۆزان لە 24ی تەموزی1923 دوای کۆنگرەیەك لە لۆزانی پایتەختی سویسرا بەسترا و واژۆکرا، کۆنگرەکە لە مانگی تشرینی دووەمی 1922 دەستی بەکارەکانی کرد و لە 30 کانونی دووەمی1923 لەبەر نەگەیشتنە ئەنجام بڵاوەی لێکرا و دواتر و دوای دووبارە دەسپێکردنەوەی لە 24ی تەموزی 1923 ئیمزا کرا.

ڕێورەسمی واژۆکە لە شاتۆ دوڕومینی شاری لۆزانی پایتەختی سویسرا ئەنجام درا، کە مەبەست لە کۆنگرەکە باسکردنی کێشەکانی نێوان یۆنان و تورکیا بوو بە مەبەستی ڕێککەوتنی ئاشتی نێوان هاوپەیمانەکان و تورکیای کەمالی بوو کە لە کۆنگرەکەدا گەلێك بابەتی تایبەت بە کێشە ناوچەیی و سیاسییەکانی ناوچەکە بوو لە نێویاندا چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسل کەناری دەریاییەکان لەو کۆنگرەیەدا کە زۆر بابەت تاوتوێ کران لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانان وەك سیستەمی ئیمتیازی بێگانە باس و گفتوگۆی چڕی لە بارەوە کرا و لە دواجاردا کۆنگرەکە پەیمانی لۆزانی لێ شین بوو کە بە ئیمزاکردنی گورزێکی کوشندەی لە چارەنوسی کورد و کێشەڕەواکەی وەشێندرا و هەموو ئەو وەعد و بەڵێنانەی لە پەیمانی سیڤەر بەکورد درابوو کرایە بڵقی سەر ئاو و خەون و خەباتی گەلی کوردی بۆ سەدان ساڵ لە گۆڕنا کە هەریەك لە عیسمەت ئینۆنۆ لە دەوڵەتی تورکیا و (لۆرد کورزون) وەك نوێنەری بەریتانیا و (ئەلیفتهیرۆس ڤینینوێلوس) لە یونان و بە چاودێری (جۆزێف گرووو) نوێنەری ئەمەریکا لە سویسرا پەیماننامەکەیان واژۆ کرد و قوڕیش بۆ گەلی کورد گیرایەوە.

وا 100 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر دابەشکردنی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، دوای ئەوەی هاوپەیمانەکان لە شەڕی جیهانی یەکەم 1914_1918 دا سەرکەوتن بەسەر عوسمانییەکاندا، لە دابەشکردنی کێکی سەرکەوتن و هەڵدانی پێکی داگیرکاری و بردنی سەروەت و سامانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەو کۆنگرەیەشدا سەرکەوتنیان بوو لە شەڕ و گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەر میراتی عوسمانییەکان دوای داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن هێزە زەبەلاحەکەی وڵاتە زلهێزەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داگیرکردنی خاکێکی بەرینی ناوچەکە. دیارە کۆنگرەکە کە دواجار پەیماننامەی (لۆزان)ی لێ کەوتەوە و بێ نوێنەرایەتیی کورد پەیماننامەکە بەسترا و ئیمزاکرا و گەورەترین بزماریان لە تابوتی لاشەی کورد داکوتا کە تا ئێستا کورد بە ئازارەکەیەوە دەنااڵێنێ.

هەرچەندە لە خاڵەکانی 39 و41ی پەیاننامەکەدا مافە پەروەردەیی و زمان و کەلتوورییەکانی کورد هاتووە و پەسەندی دەکات کە گەلی کورد ئەو مافانەی مومارەسە بکات، بەاڵم هەرگیز ئەو مافانە لەبەرچاو نەگیران و بۆ یەکەمجار لە مێژووی ناوچەکەدا کورد وەك نەتەوەیەك نکۆڵی لێ کرا و تەنانەت ئەو ڕێککەوتنە بووە ئەگەری بەرپابوونی دوژمنایەتییەکی دڕێژخایەن لە نێوان کورد و عەرەب لە عێراق و سوریا و کورد و تورك لە تورکیا و کورد و فارس لە ئێران کە تاکو ئێستاش واتا دوای 100 ساڵ لە ئیمزاکردنی پەیمانی لۆزان دوژمنایەتییەکە هەر بەردەوامە و تا ئێستاشی لە گەاڵدا بێت نکۆڵی لەمافەکانی کورد دەکرێ لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە.

بۆیە کاتێ لە دەرهاویشتەکانی پەیاننامەی لۆزان دەڕوانین، دەبینین هەموو ئەو کوشت و کوشتار و قڕکردنەی بەرۆکی گەلەکەمانی گرتۆتەوە، دابەشکردنی کوردستان بەسەر هەریەك لە تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا و بێبەشکردنی کورد لە بوون و ژیان و هەموو مافەکانی و ئەنفال کردن و جینۆساید و کیمیاباڕانکردن و ڕاگوێزان و تەعریب، تەتریك و تەفریس کردنی ڕۆاڵەکانی گەلی کورد، ئەمانە و هەموو جۆرە ناداپەروەرییەك بەرامبەر کورد، دەرهاویشتەی پەیاننامەی لۆزانە کە زلهێزە بەرژەوەندارەکانی جیهان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان گەورەترین تاوانیان ئەنجام دا بەرامبەر گەلەکەمان و کوردستانیان پارچە پارچە کرد و چوار داخیان نا بە دڵی گەلەکەمانەوە و خەڵك و مللەتێکی خاوەن خاك و زمان، مێژوویان ڕادەستی دەسەاڵتی بێدادترین و زاڵمترین حکوومەتی داگیرکەر کرا کەوا تا ئێستا هیچکامیان دانیان بە بچووکترین مافی ڕەوای گەلەکەمان نەناوە.

هۆکاری دروستبوونی دەزگا

سەرەتا ڕزگار عەلی دەربارەی هۆکاری دروستبوونی دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە گوتی: هۆکاری سەرەکی ڕاکێشانی دەزگا و ڕێکخراوە بیانییەکان لە بەریتانیا بە تایبەتی کە هەزارەها دەزگای هاوکاری مرۆیی لێیە ئێمەش لە ژێر ناوی پیرۆزی پێشمەرگە کاری مرۆیی دەکەین و هەوڵماندواوە هاوکاری بگەیەنین لە ڕێگای دەزگاکەمان بۆ هاوکاری پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە کوردستان، هۆکاری دووەم بەشدار بوون لە کۆنفرانس و سمینار و دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان کوردستان و بەریتانیا لە ڕووی مەدەنی و زانکۆ و شوێنە گرنگەکانی بەریتانیا. دروستکردنی لۆبی بۆ پێشمەرگە لە بەریتانیا و دەرەوە. دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە دەزگایەکی سەداسەد (مرۆیی) یە لە ژێر ناوی موقەددەسی پێشمەرگە کاری پیرۆز دەکەین کە ئەرکی ئەخلاقی و نیشتمانی جێبەجێ دەکەین.

دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی لە کوردستان

دەربارەی کاری ڕێکخراوەیی لە کوردستان ڕزگار عەلی گوتی: لە زاخۆ تا خانەقین دوانزە نوێنەرایەتی و ئۆفیسان هەیە خۆبەخشەکان ئەرکی خۆبەخشی جێبەجێ دەکەن کە خزمەتەکانمان لە بواری پەروەردە و وەرزش و تەندروستی و هونەری کۆکراوەتەوە، دابەشکردنی کەل و پەلی پێویست، سااڵنە و شەش مانگێکە خزمەت دەکەین بەخۆبەخشی و خۆنەویستی، بێ بەرامبەرپەرەمان بە کەلتوری خۆبەخشی داوە، بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لە نێو گەنجەکانی داهاتوومان کردووە بە ئامانجی سەرەکی خۆمان، دەزگا هەموو چین و توێژ و ئایین مەزهەبی تێدایە و کاری پێکەوە ژیانمان ڕەچاو کردووە.

مەرجی خۆبەخش وەرگرتن

دەربارەی بوون بەئەندام سەرۆکی دەزگا گوتی: فۆرمی تایبەتمان هەیە بۆ هاوکات لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ کوردستان کارگەی دەمامکمان دروستکرد و هەزارەها دەمامکمان بۆ زۆربەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە برد بە بێ بەرامبەر و بەسەر داموەدزگاکانی حکوومی و نا لەگەڵ حکوومەت و لایەنی حزبی و ناحزبی بەتایبەتی ڕێکخراوی مەدەنی و دەزگای بیانی لەکوردستان و دەرەوە.

پلان و بەرنامەی ئێستا و داهاتوو

ئێنجا دەربارەی کاروچاالکی ئێستا و داهاتوو گوتی: لە کاردایین بۆ وەرگرتنی ئیزە لە بەریتانیا بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکانی پێشمەرگە، وەرگرتنی شوێن لە زانکۆکانی بەریتانیا، ئەمەریکا و کردنەوەی سەنتەری پێشمەرگە بۆ نەهێشتنی نەخۆێندەواری، خاوەنی (گۆڤاری پێشمەرگە نویس) کە ئێستا لە بەریتانیا باڵاو دەکرێتەوە و ئەندامین لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی لێبوردنی جیهانی و لە داهاتوودا سەدان پاانمان هەیە و دەبێت، بەاڵم داواکاری ئێمە لە حکوومەت و الیەنەکان ئەوەیە کە هاوکار و پشتیوانمان بن کە سەدەها خۆبەخشی بە توانامان هەیە کە زۆر بەیان کچی شەهید و پێشمەرگە و خاوەن بڕوانامەمن.

دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە و نەتەوە یەکگرتووەکان

پاشان ڕزگار عەلی دەربارەی هەوڵیان بۆ بوون بەئەندام لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان گوتی: ئێمە لە ساڵی 2019ەوە داواکاریمان پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە و ساڵی 2021 دەبینە ئەندامی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان، بوون بە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان سوودێکی باشی دەبێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

یەکەمجار دەبێت وەك ناوی پێشمەرگە تۆمار دەکرێت، دەتوانین لە هەموو بواڕەکانی هاوکاری سوودمەند بین و لە هەموو کۆنفڕاس و سمینار و دەورات سوودمەند بین، لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەیی و لە هەمانکاتدا ئەندامی ڕێکخراوی لێبوردنی جیهانی. ئەندامی ڕێکخراوی لێبوردنی جیهانی، ئەویش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ناتوانرێت غەدر لە پێشمەرگە بکرێت یان چەواشە بکرێت لە الیەن دوژمنانی کوردستانەوە.

دیاریکردنی ڕۆژی پێشمەرگە

لەدووماهیدا ڕزگار عەلی گوتی: ئێمە 121هەزار واژۆمان لە سەرجەم نەتەوەکان و مەزهەب و ئایین و حکوومی و ناحکوومی کۆ کردۆتەوە، بۆ دیاریکردنی ڕۆژی نیشتمانی پێشمەرگە، کە ئێستا لەپەڕلەمانی کوردستانە بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو ڕۆژە گرنگە، ئینشائەڵڵا پەڕلەمان ڕۆژێك دانیشتنی بۆ دەکەن و بڕیاری لێدەدەن بۆ دیاریکردنی ڕۆژی نیشتمانی پێشمەرگە.





* لە کاردایین بۆ وەرگرتنی ئیزە لە بەریتانیا بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکانی پێشمەرگە.


* 121 هەزار واژۆ کۆکراوەتەوە بۆ دیاریکردنی ڕۆژی نیشتمانی پێشمەرگە.

دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی، دەزگا: پێکهاتەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و پێشمەرگە و قوتابیانی قوتابخانەی (ڕێبازی بارزانی)یە، سەرجەم ئەندامانی دەزگاکەمان پێکهاتەی جیاوازن لە شوێنە جیاجیاکانی حزبی و حکوومی و ناحکوومی خزمەت دەکەن. دەزگا لە ووڵاتی بەریتانیا بە فەرمی مۆڵەتی خۆی وەرگرتووە لە مانگی پێنجی 2009 وەك ڕێکخراوێکی کوردی لە بەریتانیا، دوای 2017 ناوی گۆڕدرا و بوو بە دەزگای خێرخوازی پێشمەرگە لەبەر ناڕەزایی وەزارەت لەسەر وشەی خێرخوازی گۆڕدرا و بە فەرمی خێرخوازی الدرا بوو بە کاری مرۆیی، کەواتە بوو بە دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی. ئێمە هەڵگری مۆڵەتی فەرمی کوردستان و بەریتانیاین، دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری (International Peshmerga Humanitarian foundation.) مرۆیی لەم دیدارەی سەرۆکی دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە بۆ کاری مرۆیی، زانیاری ورد بخوێنەوە.

دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە ئەندامی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لێبوردنی جیهانییە

ڕزگار عەلی: دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە ساڵی 2021 دەبێتە ئەندامی فەرمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان





هەڕەشەکانی سەر هەڕێمی کوردستان و ئامانجی نەیارانی دوزی کورد

سەگڤان هالو

هەڕێمی کوردستان نەك هەر ئێستا بەڵکو لە گشت قوناغەکاندا واتە هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و دامەزراندنی لە الیەن بەرەی هاوپەیمانان تاکو ئەمڕۆ هەڕەشەی لێکراوە و کەوتووەتە بەر پەالماردانی دەوڵەتە سەردەستە ڕەگەزپەرستەکانی ناوچەکە بە تایبەت هاوسنووڕانی کوردستان. کورد وەك نەتەوەیێکی ڕەسەنی ناوچەکە (ناوچەی ڕۆژهەاڵتی ناڤین) تووشی گەورەترین ستەم هات هەر لە سایکس پیکۆوە بگرە هەتا حاڵی حازر، چونکە ئەو دەوڵەتانەی کە هاوسنووری کوردستانن بە شێوەیێکی تایبەتی هەڵگری هزرێکی دڕندانە و نامرۆڤانەن و لە سەر بنەمای نەهێشتن و تواندنەوەی نەتەوەیێکی وەکو کورد کە نزیکەی پەنجا ملیۆن کەسە بە بەکارهێنانی جورەها میکانیزمی مادی و مەعنەوی لە پێناو ڕەشکردنەوەی ناوی کورد و کوردستان دریغییان نەکردووە، گەلەکۆمەکی هەر چوار دەوڵەتی هاوسنووری کوردستان لە دژی کورد نە شتێکی نامۆیە و نەش تازەیە، بەڵکو ئیتر ئەمە عەقڵییەتی سیاسی نەگۆڕی ئەوانەیە و هەرکات لە هەر شوێنێکی کوردستان دۆزی نەتەوەیی کورد هەنگاوێك بۆ پێشەوە چووبێت ئیتر ئەوان هاواریان لێ هەستاوە و بە هەموو توانایێکیانەوە پەالماری کوردیان داوە و زۆر بێبەزەییانە ڕووبەڕووی کورد بوونەتەوە بە ئامانجی ڕاگرتنی کاروانی کورد لە بەرەوپێشڤەچوون. ئەوەی ئەمڕۆش دەبینین لە سنووەرەکانی هەڕێمی کوردستان دڕێژەپێدانی هەمان سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەیە کە زیاتر لەسەدەیێکە بەردەوامە.

کورد لە سەر ئاستی هەڕێایەتی دوژمنانی لێ دیارە وەك مانگەشەو و دوژمنیش هەر دوژمنە واتە مار هیچ کات نابێ بە یار،بەاڵم ئەو داخە گرانەکە ئەوەیە کە کورد خۆیشی دوژمنە لە گەڵ خۆی، چونکە ئەم دووڕکەوتنەوەی الیەنە سیاسییەکانی کوردستان لە یەکتر خۆی لە خۆیدا خزمەتێکی گەورەیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە دوژمنە داگیرکارەکانی کوردستان، ئەمە لە الیەك، لەالیەکی تریشەوە هەندێ حزب و الیەنی سیاسی بە ئاشکرا و بێ شەرمانە و بە شانازیشەوە نەخشەی سیاسی داگیرکاران جێبەجێ دەکەن لە دژی وڵات و نەتەوەی خۆیان، ئاها ئەمەیە کارەساتی هەرە گەورە، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەدەی ڕابردوو و الپەڕەکانی مێژووی سیاسی هەڵدەنەوە دەبینن هەرکات کورد یەکگرتوو بووبێت دوژمنانی خۆی بە چوکدا هێناوە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، بۆیە گەر بمانەوێت کەڕامەتمان و ناسنامەی نەتەوایەتیمان پارێزراو بێت و خاوەن شکۆ و ئیرادەی سیاسیی خۆمان بین، دەبێ دەست لەناو دەست بنێین و یەکگرتوو و تەبا بین، لە جیاتی ئەوەی ئاو بکەینە ئاشی داگیرکاران با ئاو بکەینە نێو ئاشی خۆمان، چونکە دوژمنانی کورد لە کۆێ کوردێك هەبێت هەڕەشەی لێ دەکەن و پەالماری دەدەن، هەتاکو ئێمەش خۆمان ڕزگار نەکەین لە یەکترازانی سیاسی، ڕەوشی سیاسیی کوردیش نەك لە مە باشتر نابێت بەڵکو پەل دەهاوێژێت بەرەو ئایندەیێکی مەترسیدارتر و تەڕ و وشك بەیەکەوە دەسوتێن.

ون بوون
پسوولەی ئەو پارانەی کە بۆ حکومەت وەرگیراون ژمارە ٠٢٦٨٢٢ لە ٢٠١٩/١٢/٩ ون بووە کە لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی چوار/ هەولێر دەرچووە ، هەر کەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة اربيل الواقعات
عدد/ ٤٤٦٠
تاريخ/ ٢٠٢٠/٧/١٣
اعلان
قدم المواطن (سورداش تحسين حسين) دعوى فى هذه مديريه التبديل الاسم من (سورداش) الى (جانه) فمن لديه اعتراض مراجعه هذه المديريه خلال ١٥ ايام من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى المدعوى وفق احكام الماده ٢٢ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.
ع/اللواء/ رياض جندى عبدالكاظم
مدير الاحوال المدنية والجوازات والاقامه/وكالة
***
دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە:٢٠٨/ش/٢٠٢٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٧/١٢
جاردان
بۆ داوالێکراو (علی فاروق محمود)
ئاماژە بە داوای ژمارە (٢٠٨/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (شادان عبدالواحد احمد) کە جۆری داواکەی بریتییە لە (تصديق طلاق) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی ئاشتی/٢ بۆیە دادگا بڕیاری دا لە بەرواری (٢٠٢٠/٧/١٢) بەپێی راگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یان بریکارداڕت لەجیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لەرۆژی دابینی رێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٦) کات ژمێر ٩ی بەیانی بە بەپێچەوانەوە دابینی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ مسعود سعيد صديق
***
دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە:١٩٧/ش/٢٠٢٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٧/١٢
جاردان
بۆ داوالێکراو (کرم محمود خليل)
ئاماژە بە داوای ژمارە (١٩٧/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (رسل محمد مصطفى) کە جۆری داواکەی بریتییە لە (حضانه) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی ئاشتی/٢ بۆیە دادگا بڕیاری دا لە بەرواری (٢٠٢٠/٧/١٢) بەپێی راگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یان بریکارداڕت لەجیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لەرۆژی دابینی رێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٦) کات ژمێر ٩ی بەیانی بە بەپێچەوانەوە دابینی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ مسعود سعيد صديق
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٤٦٤/ش/٢٠٢٠/٣
رێکەوت:٢٠٢٠/٧/١٣
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو (سرهيد رفيق بابير)
شوێنی دانیشتن نادیارە
داواکار (عطيه حمدامين عزيز) داوای ژمارە (٤٦٤/ش/٢٠٢٠/٣) لەم دادگایە دەرهەق بە تۆمارکردووە، تیایدا داوای (پووچەڵکردنەوەی بەڵگەنامەی لەدایکبوونی ژمارە ١٩٦٩ لە رێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/٣) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (هیران ستی – هەولێر) دادگا بریاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی ٢٠٢٠/٨/١٠ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت، بەپێچەوانەوە دابینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادەر/ صباح قادر كاملا
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارە: ٤١٣/ش/٢٠٢٠/٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (جمعه بنت الحبيب الصغير) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (اردلان كاكه سور عولا) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بەژمارە (٤١٣/ش/٢٠٢٠/٦) تیایدا داوای (تصديق طلاق) دەکات وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێری نوی) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆ و رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی پێنج (٢٠٢٠/٩/٢) بەپێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە.
دادەر/ مازن مظفر محمد
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٧/١٣
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (محمد علی فتحی) لە بەرواری ٢٠٢٠/٧/٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانەراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
نامێزەکان:
١- رافعەی بەرزکردن و گواستنەوەی مواد بێ ژمارە دروستکراوی یابانی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٥ طن.
٢- کرێنی سەقف بەرزکردنەوەو گواستنەوە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٥ طن و K.W٧٫٥.
٣- دروستکردنی نەقش سەروبنی سندوێج پەنەل بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠. دوو ڕۆلەی پلێت.
٤- مێکسەری تێکەڵ کردنی قوم دوو خەزانی بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٥- قوم تێکردن بۆ ناو سندوێج پەنەل بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٦- ساردکردن و کەپس کردنی سندوێج پەنەل بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥٠.
٧- ڕۆلەی ڕاکێشانی سندوێج پەنەل بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠.
٨- مقەسی برینی سندوێج پەنەل بەقیاس بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧٫٥.
***
دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە:١٩٠/ش/٢٠٢٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٧/١٢
جاردان
بۆ داوالێکراو (مروه حازم محمود)
ئاماژە بە داوای ژمارە (١٩٠/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (لازم محمد صالح) کە جۆری داواکەی بریتییە لە (حضانه) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی ئاشتی/٢ بۆیە دادگا بڕیاری دا لە بەرواری (٢٠٢٠/٧/١٢) بەپێی راگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یان بریکارداڕت لەجیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لەرۆژی دابینی رێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٦) کات ژمێر ٩ی بەیانی بە بەپێچەوانەوە دابینی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ مسعود سعيد صديق
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٦٤ /ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتی / ٨ /٧ /٢٠٢٠
راگەهاندن
بو / داوالێکراوێ: سيوار منير علی
ل دیف داخوازیا داواکاری (سکڤان سمی یوسف) ولکێشا ژمارە (٢٦٤ /ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازیا گەهاندنا رەها کچا خو یا ناکام (هیلین) ژدایك بووی ل روژا (٢٠٠٩/٨/٢٣) بو تە و بو خو . و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە و ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (سێیالکا) یا ژمارە (١٧٦٨) ل (١/٧ /٢٠٢٠) ڤێ دادگەهێ بریاردا ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێیت روژانە و ئامادەبی بەرامبەر دادگەهێ ل روژا (١٩ /٧ /٢٠٢٠) یان بریکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادەر /دارا طاهر توفيق
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٢٣ /ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتی / ١٢ /٧ /٢٠٢٠
راگەهاندن
بو / داوالیکراوی : ليلى عبدالرحمن عثمان
ل دیف داخوازیا داواکار مصلح عبدو عیسی وکێشا ژمارە (٢٢٣/ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصديق الطلاق الخارجی) ل (٢٠٢٠/٦/٤) دناڤبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (زاخو) یا ژمارە (١٣٦٢) ل (٢٠٢٠/٦/٢٤) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (خەبات) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠٢٠/٧/٢٢) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادەر / دارا طاهر توفيق
***
دادگای باری کەسینەی سۆران
ژمارە : ١١٩/ش/ ٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٢
بۆ/ داوالێکراو (رمضان حسن شيخو)
شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە
پێڕاگەیاندن
داواکار (مەنیژە صالح شیخ) داوای ژمارە (١١٩/ش/ ٢٠٢٠) لەسەرت تۆمار کردووە لە دادگاکەمان کە تیایدا داوای (جیابونەوە) دەکات و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بە مەبەستی ئامادەبوونت لە دابینی رۆژی (٢٠٢٠/٩/٧) بۆیە پێویستە لەسەرت کە خۆت یان بڕیکارەکەت لە رۆژی دیاریکراو کاتژمێر (١٠) سەر لە بەیانی لە دادگاکەمان ئامادە بن بۆ دابینی ئەگینا دابینی بە پاشملە و بە پێی یاسا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.
دادەر/ محمد عبدالرحمن قاسم
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە/ ٣٩٧/ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/١٥
جاردان
بۆ داوالێکراو/ حميد حمدامين سليمان
داواکاران/ وليد محمد سعيد و هاوبەشەکانی
/ بریکاریان پارێزەر ئارام جميل حسن
داواکاران داوای بەرایی ژمارە ٣٩٦/ب/٢٠١٩ لەم دادگایە لەسەرت تۆماریان کردووە تیایدا داوای نەهێشتنی پشکداری ازالە شیوع دەکەن لە مولکی ژمارە ١٢١ کەرتی ١ بساتین وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری شەقلاوە بۆیە پێت رادەگەیێنین بە دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دابینی ٢٠٢٠/٧/٢١ ئامادەبن یان بریکارتان بە پێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێت بە پاشەملە و ئاشکرا.
دادەر/ رشاد خالد عمر
***
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە/ ٣٩٦/ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/١٥
جاردان
بۆ داوالێکراو/ حميد حمدامين سليمان
داواکاران/ وليد محمد سعيد و هاوبەشەکانی
/ بریکاریان پارێزەر ئارام جميل حسن
داواکاران داوای بەرایی ژمارە ٣٩٦/ب/٢٠١٩ لەم دادگایە لەسەرت تۆماریان کردووە تیایدا داوای نەهێشتنی پشکداری ازالە شیوع دەکەن لە مولکی ژمارە ١٢١ کەرتی ١ بساتین وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری شەقلاوە بۆیە پێت رادەگەیێنین بە دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە کە لە رۆژی دابینی ٢٠٢٠/٧/٢١ ئامادەبن یان بریکارتان بە پێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێت بە پاشەملە و ئاشکرا.
دادەر/ رشاد خالد عمر
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
بەشی یاسایی و گرێبەستەکان
ژمارە/ ٧٥٦٤
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/١٢
کەمگری سنوردار (مناقصة محدودة)
جاردان
داوەبەداوی نووسراو و فەرمانەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە ٣٦٣٦ لە ٢٠١٨/٧/٢٦ و نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە ٦١٨٢ لە ٢٠١٨/٦/١٩ سەبارەت بە دابینکردنی لەم بوارانەی خوارەوە کە ئامادەی پێکراوە کە لە رێگای کەمگری سنووردار (مناقصة محدودة) جا داوا لە گشت کۆمپانیاکان کە تایبەتمەندن هەر کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی بەشی گرێبەستەکان بکات بە مەبەستی تۆمارکردنی ناوی کۆمپانیا تاکو بتوانێت بەشداربێت لە کەمگری سنووردار دوا مۆڵەت بۆ ناو تۆمارکردن رێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٢ بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ.
تێبینی/ هەر کۆمپانیایەك ناوی تۆمار نەکرابێت مافی نیە بەشدار بێت لە کەمگری سنووردار.
١- پاکتاوکردن (تعقيم)
٢- پێداویستی ددان (اسنان)
٣- دەرمانی دڕێژخایەن
٤- پێداویستی پزیشکی (نەشتەرگەری)
٥- مێشك و دەمار (جمله عصبيه)
٦- دەرمانی سرکردن (ادويه التحذير)
٧- دەرمانی گشتی (الادويه العامه)
٨- پێداویستی تیشك و کۆنتراست میدیا
٩- پێداویستی سەنتەری دڵ
١٠- دەرمانی شێرپەنجە
١١- بواری پێداویستی تاقیگە
١٢- پێداویستی بانکی خوێن
١٣- بواری ئیسك و شکان
لەگەڵ qualification of company Item list.
دکتۆر/ دلۆڤان محمد فاتح جلال
بەڕێوەبەری گشتی
***
دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە:٨٢/ب/٢٠٢٠/٣
رێکەوت:٢٠٢٠/٧/١٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (المدير المفوض لشركه الزيتون للخدمات الامنيه والحراسه العامه)
داواکار (المدير المفوض لشركه اسرين للتجاره العامه) داوای ژمارە:٨٢/ب/٢٠٢٠/٣ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان بە پابەندکردنت بە گەرانەوەی پارەی سیارەی ٤ دانە تویوتا کوستر کە دەکاتە ١,٠٤٠,٠٠٠ دۆلاری امریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/پیرزین) لە ٢٠٢٠/١/٢٠ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لە رۆژی دوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بری پارەی (٢٨٠,٠٠٠) دینار بۆ خاوەن قەرز (پارێزەر/ ڕەوەز بابکر هومر) بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێت بەفرۆشتنی کەلوپەلی ناومال ئامازە پێ کراو بەپێ یاسا.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامين همزه
***
دادگای کەتنی خەبات
بەروار/ ٢٠٢٠/٧/١٢
داواکار/ اسۆ عبدالمطلب محمد
داوالێکراو/ اکۆ عبدالمطلب محمد و هاوبەشەکانی
شوێنی مولّك/ هەولێر گەرەکی فەرمانبەران ژمارەی مولّك ١/٧٦٩٩ کەرتی ٩٤ی باداوە
رووبەر ٢٥٠مەتر دوجا
پێکهاتووەکان/ ڕووبەری زەویەکە ٢٥٠م٢ دوو خانووی لەسەر دروستکراوە خانووی یەکەم پێکهاتووە لە دیوەخان و هۆڵ و ژوورێکی دیوەخان و مطبخ و هۆڵ و ژوورێکی خەوتن و حەمام و تواليت لە خوارەوە دوو ژوور و حمام و تواليت لەسەرەوە لە بلۆك و کۆنکرێت دروستکراوە.
خانووی یەکەم/ اکۆ عبدالمطلب محمد و اراز عبدالمطلب محمد تیایدا نیشتەجێن کرێ نادەن لەکاتی فرۆشتنیدا دەدەچن.
خانووی دووەم/عمر احمد محمد کرێی مانگانە ٣٥٠,٠٠٠ دینار لەکاتی فرۆشتن دەرناچێت.
نرخی خەملاندن خانووی یەکەم بابەتی داوا / ٤٧,٢٥٠,٠٠٠ دینار
نرخی خەملاندن خانووی دووەم / ٤٧,٢٥٠,٠٠٠ دینار
٩٤,٥٠٠,٠٠٠ نەوەدو چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار کۆی گشتی خانوو
لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٢٠٧٢/ب/٢٠١٨/٢ ازالە شیوع نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رۆژانە، جا هەر کەسێك نیازی کرینی هەیە هاوبەشی بێ یان هاوبەشی نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات هەر زیادبوونێك دوای پێنج دەقیقە کۆتایی پێدێت.
دادەر/ مجيد سعيد برادۆستی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە:٩٦/ب/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٣
ئاگاداری
گلدانەوەی سامانی گوزارواە
بۆ قەرزار (كثير روستم المفتش)
شوێنی نیشتەنی نادیار
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یا کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێبەجێکردنی بریار درا لە رێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بەپرسیاری جیابەندی جێبەجێکردنی (الحجز التنفيذی) لەسەر سامانی گوزارواە (کەلوپەلی ناومال) لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بڕی پارەی (٢٨٠,٠٠٠) دینار بۆ خاوەن قەرز (پارێزەر/ ڕەوەز بابکر هومر) بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێت بەفرۆشتنی کەلوپەلی ناومال ئامازە پێ کراو بەپێ یاسا.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامين همزه
***
دادگای کەتنی خەبات
ژمارە/ ٢٥/ك/٢٠٢٠
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٦/٢١
جاردان
ئاگادارکردنەوە
ئاماژە بە داوای ژمارە ٢٥/ك/٢٠٢٠
بۆ دادخوازان (كريم عمر احمد و بهره لقمان عبدالحميد و لقمان عبدالحميد صالح و شيرين بايز احمد و صباح كزو خان اودل) وە تۆمەتبار عادل محمد ميرزا لەبەر نەدیاری شوێنی نیشتەجێبوونتان دادگا بریاری ئاگادارکردنەوەتانی دا لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی فەرمی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆیە پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لە ڕۆژی دادگایی ٢٠٢٠/٨/٢٣ کاتژمێر نۆی سەر لە بەیانی بۆ دادگایی بەپێی ماددە ٢٣ لە یاسای هاتوچۆ لە داوای ژمارە ٢٥/ك/٢٠٢٠ بە پێچەوانەوە دادگایی کردن دەرهەقتان ئەنجام دەدرێ.
دادەر/ سمكۆ روستم سمين
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٤٠/ج/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٢
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/لەزگین طاهر جوهر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٠٦ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لەڕۆژی ٢٠٢٠/٩/١٦ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٧/٣٦٩٧
رێکەوت/٢٠٢٠/٧/١٣
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێ کردنی ژمارە /٢٠١٧/٣٦٩٧ کەلوپەلی کارگەی قەرزار سامان برهان سعدی قەرزار سامان برهان سعدی بە لێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لە جیاتی قەرزی عشان جبار عشان کە بڕی ٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینارە هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی ٣ ڕۆژ لە لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە ئەم ئاگادارییە نامەبێنت لەم بەڕێوبەرایەتیە و دەلالیەکەش لە ئەستۆی کریارە و نرخی ئۆتۆمبێلەکەش بەبڕی ١٣,٠٠٠,٠٠٠ سیانزە ملیۆن دینارە قرساوە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – کوسرە کهربائیە صنع اجنبی ٤ دانە بەبڕی ٢,٠٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن دینار.
٢- ماکینە لحیم کارەبایی دوو دانە ٣,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.
٣- ماکینە لحیم کارەبایی یەك دانە ٢,٠٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن دینار.
٤- ماکینە کاصوصە صنع محلی یەك دانە ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن دینار.
٥- فروز کهربایی یدوی مستعمل یەك دانە ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن دینار.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٦٧٥٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Needle) بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری ڤیتەرنەری و کشتوکالی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Needle) بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری ڤیتەرنەری و کشتوکالی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد میکائیل حمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠٢٠/٧/٨
پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Needle) بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری ڤیتەرنەری و کشتوکالی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ محمد میکائیل حمد
ناونیشان/ هەولێر- ژووری پارێزەران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٨٧١٩١٩

ئاگادارى
ئاگادارى گشت لايەك دەكەينەوە كە كۆمپانيای (KELLOG BROWN ROOT SERVICES INC) بۆ خزمەت گوزارى گشتى/ المساهمة) بريارى گۆرينى (ناوى)ى كۆمپانيای داوە لە كۆمپانيای (KELLOG BROWN ROOT SERVICES INC) بۆ بۆ كۆمپانيای (KBR SERVICES.LLC)، بۆيە هەر كەسێك نارەزايى يان مافێكى لەسەر كۆمپانيا هەيە با لە ماوەی ياسايى سەردانى بەڕێوەبەرايەتى كۆمپانياكانى هەولێر بكاتەوە لە شارى (هەولێر- جووت سايدى بەختيارى- تەنيشت سوپەرماركێتى ماجستى) بۆ يەكلايكردنەوەی كێشەكان.
پشتيوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانياكان هەولێر

دکتۆر ڕەوەند محەمەد ڕئوف: هەموو تووشی ئەم ڤایرەسە دەبین و کەس نامێنێت تووش نەبێت لەبەرئەوە عەیبەنیە تووش ببیت پێویستە هەموو هاوکاری یەک بین و پاڵپشتی یەک بین

ڤایرۆسی کۆرۆنا نە ئەوترسە زۆرەی دەوێت هەندێك بەهۆیەوە تووشی دڵەڕاوکێ و قەلەقی بوون و نە فشەیە بە سنگی ڕووتەوە بەرامبەر گولەی ئەم ڤایرەسە بووەستیتەوە.



وریشە عومەر: سلێمانی

دکتۆر ڕەوەند محەمەد روف پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی هەناوی، بەکالۆرس لە بەش هەناوی و نەشتەرگەری گشتی،دکتۆرا لە نەخۆشیەکانی هەناوی ،تایبەت بەنەخۆشی کرۆنا لێهان پرسی لە ئێستادا کە نەخۆشی کۆرۆنا بڵاوبووەتەوە ڕێنمیتان چیە بۆ هاوڵاتیان چی باشە وچی بکرێت بۆئەوەی هاوڵاتیان پارێزراو بن؟لەوەڵامدا گوتی: تەنها شتێك تا ئێستا لەبەردەستدایە کاریگەری تەواو هەبیت و بمان پارێزێت خۆپارێزی و جێ بەجێ کردنی ڕێنماییەکانە و پابەندیە زەمانی تەواوی هەبێت، ڤایرۆسی کۆرۆنا نە ئەوترسە زۆرەی دەوێت هەندێك بەهۆیەوە تووشی دڵەڕاوکێ و قەلەقی بوون و نە فشەیە بە سنگی ڕووتەوە بەرامبەر گولەی ئەم ڤایرەسە بووەستیتەوە،لەئێستادا بەهۆی ژمارەیەکی زۆری تووش بوو لە کۆنترۆڵ دەرچوونی و تووش بوونی ژمارەیەکی زۆر ئەوکەسانەی کە بەشێوەیەکی سووك تووش دەبن باشترە لەماڵ بمێننەوە و خۆیان کەرەنتینە بکەن هەتا چاك دەبنەوە هەموو تووش بوویەك پێویستی بە داخڵ بوون نیە لە نەخۆشخانە،پێویستە ئەو کەسانەی گومانیان لە خۆیان هەیە و نیشانەکان تێیاندا دەردەکەوێت لە خۆیانەوەهیچ پشکنینێك و دەرمانێك بەکارنەهێنن لەژێر ڕێنمای پزیشکدا نەبێت و لە ئێستادا نەخۆشخانەو نۆرینگەکان ترسناك ترین شوێنن بۆ تووش بوون بەم ڤایرەسە هەتا دەکرێت بۆ حاڵەتی پێویست نەبێت سەردانی نەخۆشخانەو نۆرینگەو ڕاوێژکارییەکان نەکەن،لە ئێستادا بەتایبەت لە پارێزگای سلێمانی ژمارەکان لەهەڵکشانێکی مەترسیداردان و بێگومان ئەو ژمارە فەرمیانەی ڕادەگەیەنرێت زۆر کەمترە و ژمارەی ڕاستەقینەی تووش بووان زۆر لەوە زیاترە چونکە زۆر کەس هەیە دەترست بچێت پشکنین بکات و ژمارەیەکی زۆری تووش بوو لە ماڵەوە لە ژێر چاودێری پزیشکەکاندان و نەچون بۆ پشکنین و نەخۆشخانەکان ،لەکۆتایدا دەڵێم هەموو تووشی ئەم ڤایرەسە دەبین و کەس نامێنێت تووش نەبێت لەبەرئەوە عەیبە نیە تووش ببیت پێویستە هەموو هاوکاری یەك بین و پاڵپشتی یەك بین کە ئەمڕۆ هاووڕێکەت خزمێکت تووش بوو سبەی ڕەنگە خۆت تووش بیت.

بەرزی شەکرەی خوێن ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی پانکریاس زیاتر دەکات



بە پێی ئاژانسی یونایتدپرێس ـ ـئەنجامی توێژینەوەیەکی توێژەرانی کۆریای باشوور پیشانی داوە کە بەرزبوونی ئاستی شەکرەی خوێن ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی پانکریاس زیاتر دەکات . شێرپەنجەی پانکریاس کاتێك دەست پێدەکات کە خانەکانی دەست بەگەشەردن بکەن و کۆنترۆڵ نەکرێن . شایانی ئاماژەیە ، کە پانکریاس غوددەیەکی پان و درێژە کە دەکەوێتە سەرەوپی گەدەوە و ئەرکی بۆ هەرستکردنی پرۆتییین و چەوری و کاربۆهیدراتە لە نێو گەدە .هەروەها ئەرکێکی تری پانکریاس ، بەرهەمهێنانی ئەنسۆلینە کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی شەکرەی خوێن و دروستکردنی وزە.

بە شێوەیەکی گشتی نەخۆشی شەکرە بە یەکێك لە هۆکارە مەترسییەکانی شێرپەنجەی پانکریاس هەژمار دەکرێت ، بۆیە، دەکرێت لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی شەکرەی خوێن ، ڕژێمی خۆراکی تەندروست و چالاکی جەستەیی بتوانرێت ڕێگری لە تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی پانکریاس بگیرێت .بە ووتەی توێژەران ، شێرپەنجەی پانکریاس بە یازدەهەمین شێرپەنجەی بەربلاو لە نێو پیاوان و نۆهەمین شێرپەنجە لە نێو ژنان هەژمار دەکرێت ،کە بە ڕێژەی 71 لەسەدای تووشبووان بە شێرپەنجەی پانکریاس لە یەکەم ساڵی دەستنیشانکردنی ئەو نەخۆشی گیانیان لە دەست دەدەن . ئەو شێرپەنجەیە لە پیاواندا زیاتر گەشە دەکات .جگەرەکێشان زیادبوونی کێش ، نەخۆشی شەکرە، تەمەن بەگرنگترین ئەو هۆکارانە هەژمار دەکرێن کە دەبنە هۆی تووشبوون بەو نەخۆشییە.

ڤیتامینەکانی پێوستی لەش بۆ تەندروستییەکی باش



بە پێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەری ساینس دەیلی ،ئەنجامدانی وەرزشی ڕێك و پێك ، دروو لە هەڵچوون و دڵەڕاوکێ، خواردنەوەی ئاوی پێوست ڕۆڵێکی گرنکیان هەیە لە بەهێزکردنی بەرگریّ لەش و لە پاڵ ئەو هۆکارانە ، ڕۆڵی سەرەکییان هەیە بۆ زیاتر بە هێزکردنی لەشی مرۆڤ ڤیتامین سی ، یا تورشی ئیسکۆربیك بە یەکێك لە گەورەترین بەهێزکردنی کۆئەندامی بەرگری لەش هەژمار دەکرێت ، ئەو ڤیتامینە دژە ئۆکسیدانێکی بەهێزە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەموو جورە ڤایرۆسەکان و نەخۆشییە هەوکردنەکان.سەرچاوەکانی ڤیتامین سی بریتین لە: (بیبەری سوور، مەعدەنووس، هەموو جۆرەکانی کەلەم ، پرتەقاڵ، فراولە، گریپ فرووت). هەروەها ڤیتامین بی 6 ، کە ڕۆڵێکی گرنگیی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی وزەی لەش و ڕێگریکردن لە ئێش و ئازار و ماندوێتی، بۆیە پێوستە سینگی مریشك، گوڵە بەرۆژە، نۆك و فاسولیا، کونجی و گۆشی مانگا بخورێت. هەروەها ڤیتامین ئیی، یا ترۆکۆفەرۆل، دەوڵەمەندە بە دژە ئۆکسیدانەکان کە ڕووبەڕووی نەخۆشییە هەوکردنەکان دەبێتەوە و ڕووبەڕووی کێشە هۆرموونییەکان و نەخۆشییەکانی چاو و کۆئەندامی دەمار دەبێتەوە و سەرچاوەکانیش بریتین لە (بادام، ئیسپیناخ، ئاڤاکادۆ، بروکلی، زەیتوون، تەماتە، کودویی زەرد).

ڤیتامین دی و کەی، ئەو ڤیتامینە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی کۆئەندامی بەرگری لەش، ئەو ڤیتامینە لە نێو (ماسی، ڕۆنی ماسی، هێلکەی مریشك، شیرو کوارك بوونیان هەیە)، هەروەها ڤیتامین ئەی، بە سوودە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئانفلۆنزا ، هەڵامەت، نەخۆشییەکانی پێست، کۆئەندامی هەرس، سەرچاوەکانیان بریتین لە: (گێزەر، بیبەر، سەوزەواتی گەلا سەوز، ماددە شیرمەنییەکان).



کاریگەری زۆر خواردنی خوێ و تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە

لە ماڵپەری لایف ساینس بابەتێك بە ناونیشانی « کاریگەری زۆر خواردنی خوێ و تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە»، بڵاو کراوەتەوە کە لە چەند بەشێکیدا هاتووە : ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی داوە کە زۆر خواردنی خوێ جگە لەوەی کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی فشاری خوێنی بەرز و نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان ، دەتوانێت مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدە زیاتر بکات.

بەووتەی توێژەران خواردنی ڕێژەیەکی زۆر خوێ دەبێتە هۆی گەشەسەندنی بەکتریایی « هلیکۆباکتر پیلۆری» لە نێو گەدەدا، کە تێیدا خانەی زۆر تووشی هەوکردن دەبنەوە و زۆربوونی ئەو هەوکردنە دەبێتە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجە. ڕێکخراویی تەندروستی جیهان لەو بارەیەوە ڕایگەیاندووە کە ڕۆژانە نابێت لە 5 گرام خوێن کە یەکسانە بە کەوچێکی چای خوێ بەکاربهێنرێت .

جگەرەکێشان دەبێتە هۆی ئێش و ئازاری توندی قاچەکان



بە پێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەری ئێندیا تودێی توێژەران ، بۆیان دەرکەتووە کە پەیوەندی لە نێوان جگەرەکێشان و نەخۆشی خوێنبەرەکان زۆر توند لە تووشبوون بەجەڵتەی مێشك و دڵەوە هەیە. توێژەرانی زانکۆی جان هاپکینز لە ئەمەریکا بۆیان دەرکەتووە کە پەیوەندی زۆر لە نێوان گرژبوونەوەی خوێنبەرەکان پێی و ئێش و ئازارەوە هەیە ، کە ئەو مەترسییە دەتوانێت تا 30 ساڵ دوای وازهێنان لە جگەرەکێشانیش بەردەوام بێت .لەو بارەیەوە ، « کانی هیرۆ ماتسوشیتا»، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە توێژەرە گووتی : توێژینەوەکان پیشانی داوە کە جگەرەکێشان جگەلەوەی دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی خوێنبەرەکان و جەڵتە ، لە هەمانکاتیشدا نەخۆشیی خوێنبەرەکانیش جەستەش زیاتر دەکات . ئەو کەسانەی کە زیاتر لە پاکەتێك جگەرە دەکێشن بەرێژەی 5.4 لەسەدا زیاتر تووشی گرژبوون گیرانی خوێنبەرکان دڵ وتووشبوون بە جەڵتە دەبنەوە .بە ووتەی توێژەران ، نەخۆشیی خوێنبەرەکان بریتیت لە گردبوونەوەی چەوری و کۆڵسترۆل لە بەشی کۆتایی قاچەکان ، کە دەبنە هۆی ئەوەی هاتوچۆیی خوێن کەم ببێتەوە و ئێش و ئازاری قاچەکان زیاتر ببێ و هەروەها برینەکان وباقی نیشانەکانی تر زۆر لە سەر خۆ سارێژ ببن . کاریگەری جگەرەکێشان جگە لەوەی دەبێتە هۆی زۆربوونی مەترسی نەخۆشی خوێنبەرەکان بەڵکو بۆماوەیەکی زۆریش ئێش وئازاری قاچەکان دەمێنەوە .

ئەنجامدانی وەرزشی ڕێک و پێک ڕێگە لە جەڵتەی مێشک دەگرێت



لەڕاپۆرتێکی ئاژانسی یونایتدپرێسدا هاتووە ،،ئەنجامی دواییین توێژینەوەی زانایانی زانکۆی هلسینکی لە وڵاتی فینلەندا پیشانی داوە کە ئەنجامدانی وەرزش هەتا بە ڕێژەیەکی کەم ، ئەگەر تووشبوون بە جەڵتەی مێشك کەم دەکاتەوە . جەڵتەی مێشك بە هۆی پچڕانێکی کورد لە نێو ڕێرەویی خوێن لە مێشکدا دروست دەبێ. لەو حاڵەتەدا ئۆکسیژن و گەیشتنی باقی ماددە خۆراکییەکان بۆ مێشك کەم دەبنەوە و بەشێك لە مێشك زیانی بەردەکەوێت، بۆ جەڵتە لە چەند بەشێکی جیاوازی مێشك کاریگەری دادەنێت .بە ووتەی توێژەران، جگەرەکێشان ، فشاری خوێنی بەرز بەگرنگترین هۆکارەکانی تووشبوون بە جەڵتەی مێشك دەزانن ، بۆ ئەو مەبەستە زانیاری پزیکشی پەیوەست بە 70 هەزار نەخۆشیان لە وڵاتی فینلەندا تاوتوێکرد . ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی دا، ئەنجامدانی ڕاهێنانی وەرزش سووك لە ماوەی هەفتەدا ،ئەگەر تووشبوون بە جەڵتە بەرێژەی5 لەسەدا کەم دەکاتەوە و هەروەها هەرچەندە ڕێژەی وەرزشکردن زیاتر بێ، ئەوا ئەگەری وەرزشکردن کەمتر دەبێتەوە .ئەو توێژینەوەیە پیشانی داوە ، 30 خولەك پیادەڕۆیشتن یا پاسکیلسواری بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی مێشك بەڕێژەی 20 لە سەدا کەم دەکاتەوە، هرووەها وەرزشکردن دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەوکردنی خوێنبەرەکان و کەمکردنەوەی جەڵتەی مێشك.

زارا ئەحمەد جاف:

ئەدەبیاتی منداڵان بریتییە لە هەموو ئەو بابەتانەی کە تایبەتن بە منداڵان

دەبێ شیعری منداڵان وشەکانی ئاسان بن لە دەربڕیندا, بڕگەی دوور و درێژ و سواو نەبن، وێنای جوان بنەخشێنێت و نزیک بێت لە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ

بۆ گرنگیدان بە ئەدەبیات و هونەر و پەروەردەی منداڵان، و ئاوڕدانەوە لە کەسایەتیەکانی ئەو بوارانە، بە پێویستمان زانی ئەم دیانەیە لەگەڵ نووسەر و شاعیری بواری ئەدەبیاتی منداڵان خاتوو زارا ئەحمەد جاف ساز بکەین.

دیانە: ڕۆستەم خامۆش- هەولێر



• لەکەیەوە ئاشنای ئەدەبیاتی منداڵان بووی؟

- لە سەرەتادا بۆ گەورانم دەنووسی، لە چالاکییەکانی قوتابخانە و دواتر لە کۆڕی شیعریی و چالاکییەکانی نێو پەیمانگادا بەشداریم دەکرد، مامۆستا بووم بەشێوەی کاتیی لە قوتابخانەی بنەڕەتی گواستراموە بۆ نێو باخچەی منداڵان، لەوێ بینیم هەر شیعرە کۆنەکانیان بۆ منداڵان دەکرد بە گۆرانیی و شیعری تازەیان بۆ ژینگە و بابەتە هەمەڕەنگەکانی ژیان و پەروەردە و ئۆپەرێت و چیرۆکە خەیاڵیانەی, کە هەستی منداڵانیان گۆش دەکرد, زۆر کەم بوون، یان هەر نەبوون, بۆیە حەزم کرد شیعر و چیرۆکی نوێیان بۆ بنووسم بۆ منداڵان, کە چێژبەخش بن.

دەمویست لە ڕێی نووسینەکانمەوە ڕێنمایی منداڵان بکەم و ژینگەیەکی دروستیان بۆ بڕەخسێنم تا خۆشیان بوێت و کەسایەتیی و بوونی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، درکم بەو قۆناغە گرنگەی گەشەی تەمەنی منداڵ کرد, بۆیە لەو کاتەوە دەستم بە نووسین کرد و هەوڵمداوە پەرە بە ئەدەبیاتی منداڵان بدەم، دەمزانی چی بابەتێک بۆمنداڵان گرنگە. لەوکاتەوە بۆ هەموو بابەتەکانی وانەکان و ڕێنمایی, چیرۆک و شیعر و ئۆپەرێت دەنووسم, هەردەم لایان بووم لە چالاکییەکانماندا پێکەوە دەستی یەکترمان دەگرت و دەڕڕین, خۆشبەختانە دوای ٣ ساڵ بووم بە بەڕێوەبەری باخچە و لەوکاتەدا دەستم کراوەتربوو بۆ خزمەتکردنی کار و بوارەکەم, ئێستاش, کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیم بەگرووتینێکی زیاترەوە کارەکەم و مەودای پیشەکەم زیاتر بۆ ڕەخسا و بۆ هەتایە منداڵان منیان لە نێو ئامێزی خۆیاندا هێشتەوە.

• چۆن پێناسەی ئەدەبیاتی منداڵان دەکەی؟

- ئەدەبیاتی منداڵان بریتییە لە هەموو ئەو بابەتانەی وەک: شیعر و چیرۆکی شانۆیی و ئۆپەرێت, کە تایبەتن بە منداڵان, ئەدەبیاتی منداڵان وەکو لقێک لە نێو ئەدەبی کوردییدا مێژوویەکی زۆر کۆنی نیە.

دوای ئەو ڕۆژگارە ناخۆشانەی, کە هەرێمەکەمان لەڕابردودا تێیدا ژیاوە, لە داگیرکاریی و جەنگی بەردەوام و ژێر دەستەبوونی نەتەوەوەیی بەداخەوە, ئەو دۆخە کاریگەریی زۆر سەختی هەبووە لەسەر گۆڕانکاریییەکانی دەور و بەر, ئەو سەردەمە ئەدەبیاتی منداڵان نەبۆتە خەمی سەرەکییان, بەڵام هەندێک لە نووسەران بەشێوەی لاوەکیی هەوڵیان داوە لا لە ئەدەبیات و خەونەکانی منداڵان بکەنەوە.

خۆشبەختانە لەڕۆژگارە ناخۆشانەدا لەژێر هەژمونی ئەو ژیانە سەختەدا وای کرد کۆمەڵێک لە نووسەران و شاعیران بێنە مەیدانەکەوە, ئەگەرچی لەسەرەتادا ئەو دۆخە تونددتیژییە لەزۆربەی نووسینەکانیان ڕەنگی دابۆوە, بەڵام ویستیان خەم و گرنگی نووسین لە ئەدەبیاتی منداڵاندا فراوان بکەن و وای کرد گرنگیدان بە ئەدەبیاتی منداڵان ببێتە خەمی سەرەکیان, لەسەرەتادا نووسینی شیعر دەبێتە سەرمەشقی نوسین و دواتر چیرۆک و ئەفسانەکان لەژێر کاریگەریی نووسەرانی ڕۆژئاوا و هەروەها خوێندن و نووسین و چاپکراوەکان پەرەی پێدەدرێت و ویستوویانە دەستی خەون و خولیای منداڵان بگرن و گرنگیان پێ بدەن تا لە ژیاندا بەئاگا و چاوکراوەبن. لەبەر تایبەتمەندیی و ئەو خەسڵەتانەی نووسەرانی ئەو بواە هەیانە, و ئەوانەی کاریشیان لە بەرەوپێش بردنی ئەدەبیاتی منداڵاندا کردوە دەگەمنن و هەروەها ئێستاش ئەوانەی کاری لەسەر دەکەن هەر دەگمەنن.

بەداخەوە لەگەڵ ئەو هەمووو بەرپرسیاریەتیە گرنگەی, کە بواری ئەدەبیاتی منداڵان لە خۆی دەگرێ لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی تاکێکی خۆنەویست و بێگەرد و ژینگەپارێزی دڵسۆز, کەچی لەلایەن حکومەتەوە کار بۆ پێشخستنی ئەو بواە نەکراوە و ناکرێ, لە هیچ ڕوویەکەوە گرنگی هاندان و پشتگیری کردنی نووسەران نەدراوە, چەندین نامیلکە و کتێبی ئامادەکراو بۆ چاپ پەراوێزکەوتوون و گۆڤارەکانی منداڵان بێ سانسۆر و بەدواداچون لەسەر ئەرکی خۆیان چاپ دەکرێن, بەڵام سەرەڕای ئەوانەش بەهەوڵ و کۆششی خەمخۆران و یەک دەنگیی نووسەران و نیەتپاکیی و بەتەنگەوە هاتنی نووسەرانی بواەکە لەگەڵ یەکترا تاڕادەیەک بواەکە قۆناغی باشی بڕیوە, گرنگە هەموو ئەوە بزانین ئەدەبیاتی منداڵان بەحوکمی گرنگییدانی بە قۆناغەکانی گەشەی تەمەنی منداڵ, پێویستە بابەتە باش و چێژبەخشەکانی نووسەران بینە هاوشانی پەروەردەیەکی دروست لە خوێندنداِ, کە ئەدەبیاتی منداڵان یەکێکە لە سەرچاوەو بناغە هەرە گرنگەکانی دروست کردنی کەسایەتی تاکێکی دروستە بۆکۆمەڵگا.

• تۆ شیعر بۆ منداڵان دەنووسی، ئایا تایبەتمەندیی شیعری منداڵان چیە؟

- شیعری منداڵان تایبەتمەندیی و مەرجی خۆی هەیە, دەبێ شیعری منداڵان جیابێت لەهی گەورە ساڵان, وشەکانی ئاسان بن لە دەربڕیندا, بڕگەی دوور و درێژ و سواو نەبن, وێنای جوان بنەخشێنێت و نزیک بێت لە قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ و باشتر وایە شیعری منداڵان کۆتاییەکی جوانی هەبێ و چیرۆک ئامێز بێت, بەشێوازێکی گونجاو و جوان کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دەروونی منداڵدا جێبهێڵێت. وا باشە یەکێتیی بابەت بپارێزرێت و شیعر ئەوەندە ئاڵۆز نەبێت سەر لە منداڵ بشێوێنێ, دەستەواژەی ڕوون و شیاوبن و دوورین لە وشەی نامۆ و تووندوتیژیی و پێویستە پەروەردەیی و خەیاڵیی بن و دەبێ نووسەر ئەوەندە شارەزاو لێهاتوو بێت و ئاشنای تێگەیشتن و ئارەزووە کانی منداڵ بێت, شارەزای بڕگەو کێش و وێنای خەیاڵی سەرنج ڕاکێش بێت, لەسەرەتاوە تاکۆتایی سەرنجی منداڵ بەخۆیەوە وابەستە بکات, هەتا پێویستە گرنگی بە ڕەنگ و وێنە و قەبارەی نامیلکە شیعریەکانیش بدرێت, هەتا بەشێوەیەکی گشتیی لە داهاتوودا بیر و هزری منداڵ جوان گۆش بکات.

• جگە لە شیعر نووسین, تۆ چیرۆکیش بۆ منداڵان دەنووسی، بە ڕای تۆ تایبەتمەندیی چیرۆکی منداڵان چیە؟

- باشتر وایە چیرۆک لە ئاست زیرەکیی و ژیریی قۆناغی منداڵدا بێت, پەیوەندی هەبێت بەحەز و خولیا و خەیاڵەکانی و سەرنج ڕاکێشی منداڵ بێت, (فەنتازیا و ئەندێشەی) ی تێدابێت, تا خەیاڵی منداڵ فراوان و فراوانتر بکات, چیرۆک مەودای کارکردنی تێدا فراوانترە و خەیاڵی منداڵ دەورووژێنێت, کەسایەتیی چیرۆکەکان ئاڵۆز و تەم و مژاویی نەبن و وشەو زاراوەکانی سەر بە فەرهەنگی منداڵ بن, سەرەتا و بابەتی سەرنج ڕاکێشی و ئامانج بپێکی و کۆتاییەکی خۆش و بنیانتەر لە ناخی منداڵ جێبهێڵێ, لە ژینگەی خۆیەوە نزیک بن و نامۆ نەبن باشتر وایە لەگەڵ کارەکتەری ئاژەڵ و باڵدارەکان خۆشەویستیی و دۆستایەتی پەیدا بکات و پێویستە چیرۆک دوور و درێژ نەبێت منداڵ توشی بێزاریی بکات, توشی گرێ کوێرەی نەکات, دەبێت چیرۆک منداڵ فێری زمان پاراویی بکات, نابێت ناوەڕۆکی چیرۆکەکە تونددتیژیی تێدا بێت, منداڵ توشی ترس و شڵەژان بکات, دەبێت چیرۆکنووس لێهاتوو بێت لە داڕشتن و ئامانجی هەبێ لە گەیاندنی بیرۆکەکەی, تا بارگرژی منداڵ نەهێڵێ و چارەسەری بکات, پاڵەوانەکانی منداڵان فێری هەڵگری ڕەوشتی جوان و مرۆڤایەتی بکات و لە دیاردە و وشە دزێوەکانیش دووریان بخاتەوە, دەبێت لە گشت ڕوویەکەوە گونجاو بێت لەگەڵ سەردەم و کلتور و ژینگەکەی و نیشتمان و سودی هەبێ لە سەر فراوان کردنی خەیاڵ و بەکۆمەڵایەتیی کردن و هزر و هەڵسوکەوتی منداڵدا.

• وەکو دەبینین و دەزانین منداڵ زۆر حەز بە نیگارکێشان دەکات, یان کاتێ شیعر و چیرۆک دەخوێنێتەوە, پێی خۆشە وێنەی لەگەڵدا بێ, بۆچی؟

- زۆربەی زۆری نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان کۆکن لەسەرئەوەی لە شیعر و چیرۆکدا, نیو بە نیو وێنە و نووسین تێکەڵ بن, ئەوە ستانداردی جیهانیە بۆ گەیاندنی بیرۆکەی نووسەر, زۆرجار لە نووسەرانی جیهانیی, چیرۆکێک کتێبێکیانە. وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی نێو گۆڤار و کتێبەکانی تایبەت بۆ منداڵان, یەکەم هەنگاو و هاوکاری باشە بۆ گەیاندنی بیرۆکەی نووسەر بەمنداڵ. منداڵ زاتێکی پاک و بێگەردە, وەک گەورە نیە, زۆر بەدەگمەن, ئەگینا ناتوانێت شتەکانی ناخی بشارێتەوە, هەرچی هەبێت هەوڵی دەربڕینی دەدات, یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانیش, کەمنداڵ لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە ناو دڵ و دەروونی دەکات, نیگارکێشانە, دەتوانین لە ڕێگای نیگارکێشانەوە ناوەوەی منداڵ بخوێنینەوە, لەبەرئەوەی وێنەی ئەو شتانە دەکێشێ, کە لە چوارەوریدا هەیەو کاریگەرییان لەسەر دەروونی منداڵدا هەیە. ئەوەی کاریگەریی خۆشەویستیی لەسەریانی هەبێ, وێنەی بەگەورەیی و خەندە ئامێز, یان لە وێنەی چیایەکی بەرزدا, یان داڕێکی قەد و قەبارە گەورە دروست دەکات, بەپێچەوانەوە ئەوەی کاریگەریی نەرێنی هەبێ و کەم بێست, بچووک و لاواز وێنەی دەکێشێ, هەر بۆیە پێویستە ژینگەی منداڵ لە خێزان و دەرەوەی خێزان ڕەنگاو ڕەنگ بێت و ژینگەیەکی پر لە ئاسودەیی بێت و تەواوی مافەکانی وەدی هاتبێ و وەدی بێت تا منداڵ لە هزری خۆیدا وێنای ئەرێنی و ڕەنگاوڕەنگ بکێشێ, منداڵ ناتوانێت هەموو بابەتێک بخوێنێتەوە, بەڵام دەتوانێت بە توانای خۆی وێنای وێنەجوان و ڕەنگاو ڕەنگەکان بخوێنێتەوەو بە دەروونێکی ئارامتر گوزارشتیان لێ بکات, هەنگاو بەهەنگاو تێگەیشتنی بابەتەکە ئاسانتر دەبێت, پرۆسەی گەیاندن بەئەنجام دەگات.

• لەوتەی بۆ منداڵان دەنووسی و لە پای نووسینەکانت بۆ زارۆکان, چیت پێشکەش کراوە, کە دڵت پێی خۆشبێ, یان هەست بە چی دەکەی, کە پێنووسەکەت بۆ خزمەتی منداڵان تەرخان کردووە؟

- هاندانی بەردەوامی مامۆستا خۆشەویستەکانی باخچەکەمان بەتایبەتی, یان دەستخۆشیی و هاندانی هاوڕێ و کەسانی دڵسۆز, کە ئاڕاستەیان کردیم بۆهەمیشە جێی شانازیی منن, بەڵام ئەو دەستە خۆشی و بەهەند زانینەی, کە وەک نووسەری بواەکە ئاڕاستەم کراوە, هەرگیز بیرم ناچنەوو وەک سمبولێک دەیان پارێزم و زۆر زۆر دڵیان خۆش کردووم, ئەوانەن: وەرگرتنی یەکەم خەڵاتی ڕێزلێنانی گۆڤاری گوڵەکان بەبۆنەی ساڵڕۆژی جیهانیی منداڵان و دەرچوونی ژمارە (١٠٠) گۆڤارەکە, لە چەمچەماڵ ساڵی ٢٠١٥، هەروەها ڕێزلێنانی ڕێخراوی نەسیم بۆژینگەپارێزی لە ڕۆژی 16/4/2015، هەروەها خەڵاتی ڕۆژی جیهانی زەوی لە لایەن جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی ساڵی ٢٠١٧، خەڵاتی فەرمانگەی ژینگەی ڕاپەڕین ساڵی ٢٠١٨، ڕێزلێنانی خانەی دەروازەی ڕۆشنبیری منداڵان لەڕانیە, خەڵاتی ڕێزلێنانی ماڵی کتێب ساڵی ٢٠١٩, خەڵاتی کتێبخانەی گشتی ڕاپەڕین لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری. دوا دەست خۆشی و پێزانینیان لە لایەن ڕێکخراوی هاوڕێیەتی منداڵانی کوردی - ئەمریکی بوو, کە پێیان بەخشرا, دەست خۆشییان لێدەکەم.



پرۆفایل:

- زارا ئەحمەد جاف
- شوێنی لەدایک بوون و نیشتەجێی شاری ڕانیە.
- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم.
- سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە دەقەری ڕاپەڕین.
- یەکەم شیعری بۆ منداڵان بەناوی (ئاسمان) لە گۆڤاری پەپوولە بڵاوکراوەتەوە.
- یەکەم چیرۆکی بۆ منداڵان بەناوی (لانەبوو بەهاوڕێی گوڵ و پەپوولە) لە گۆڤاری مشکە بڵاوکراوەتەوە.
- دەستەی نووسیاری گۆڤاری مشکە بووە, کە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر دەردەچوو.
- چوار کتێبی ئامادەن بۆ چاپ, کە دوانیان چیرۆکن و دوانەکەی دیکەش شیعرن.
- چەندین شیعری کراون بە گۆرانیی بۆ منداڵان.

وە ڕای تۆ بۆچی تا ئێستا وەک پێویست لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەدەبیاتی منداڵان نەکراوە, یاخود ڕەخنەگرمان لەو بواە کەمە, بەڵگە بۆ پرسیارەکەمان کەمی کتێبە لەو بارەیەوە؟

- هەرچەندە لە ڕابردوودا لێرە و لەوێ ڕەخنەو ڕەخنەگر هەبوون, بەڵام بە پێی پێویست نەبوون, یەکێتی نووسەرانی کورد / لقی سلێمانی, هەندێ هەوڵ و لێکۆڵینەوەیان کردووە لەسەر ئەدەبی منداڵان لە بواری شیعر و چیرۆک و بڵاوکراوەکاندا, کە بەشێوەی فیستیڤاڵ پێشکەشیان کرد و دواتر کردیان بە کتێب, من ئەوە بەهەنگاوێکی گرنگ دەزانم سەرەتایەکی زۆر باشیش بوو دەستیان خۆش بێت و بەڕاستی ئێستا کەسانی دڵسۆز دەبینم بێ ماندوبوون کار بۆ پێشخستنی بواری ئەدەبیاتی منداڵان دەکەن, جاران باشتر بوو لە چەند دەزگایەک کتێب چاپ کردن هەبوو, کۆڕ و کۆبونەوە دەبەسترا بۆ ئاڵوگۆڕی فرە بۆچونەکان لەسەر نووسین و بابەتەکان, بەڵام بەداخەوە لە هەموو بواەکاندا ئەگەرهەنگاو نرابێت چیتر هەنگاو ی جدی لەو بواەوە نەنراوە, گەر نرابێش لەئاست ویست و خواستی ئێمەدا نەبووە, بەداخەوە ئەوەش بەرە بەرە ڕوو لەلاوازیی دەکات, ئەویش بەهۆی کێشەی داراییەوە, لەم چەند ساڵەی دواییدا, ئەگەرچی ئیستا کۆمەڵێکی باش لە هاوڕێیانم بەتوانای جۆراو جۆرەوە ماندوونەناسانە بەحەزەوەن بۆکارکردن چ لە بواری نووسیندا, یان چاپەمەنیی گۆڤارەکان, بەڵام بەداخەوە لەبەر دۆخە نالەبارەکانی ژیان, هەموو لە دۆخێکی نەخوازراو و چەق بەستوو ماون.

بواری ئەدەبیاتی منداڵان پێویستی بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچونی بەردەوام هەیە بۆ زیاتر وتوو وێژو هەڵوێستە لەسەر ئەو نووسین و بابەتانەی, کە زۆر باش و ناوەزن و گشت ڕەگەزە بەهێزەکانی ئەدەبیاتی منداڵان لەخۆدەگرێت, بەبەراورد بەو نووسینانەی, کە زیانیان هەیە ئاسەواری نەرێنی لەسەر زیهنی منداڵدا جێدەهێڵن, بەگشتی بواەکە پێویستی بە دیالۆگ و سیمینار و هەتا بەستنی کۆنگرەش هەیە, بەهەموو توانایەک کار بکرێت تا لەداهاتودا کاریگەریی جدی بخاتە سەر بواری پەروەردەش و بۆ ئەوەی بەگرووتینی زیاتر تا لەڕێی ئەدەبیاتی منداڵانەوە خزمەتی زیاتری مافەکانی منداڵ بکرێت, پێویستە لێکۆڵەران و ڕەخنەگران لەداهاتودا ئەو ڕۆڵە بەهێزە بگێڕن.


بۆچی تا ئێستا شیعر و چیرۆکەکانت لە دوو توێی کتێب بۆ منداڵان چاپ نەکردووە؟

- لەکار و پیشەکەمدا زۆر سەرقاڵ بووم, لەبەر ئەوەی لە منداڵەوە نزیک بووم, دەمزانی چیان گەرەکە, بۆیە بەردەوام بەبابەتی جۆراوجۆر فیستیڤاڵەکانمان دەڕازاندەوەو جگە لە هاوکاری چەندین باخچەی ناوشار و دەرەوەی شار بە تێکستەکانم هەروەها بەشداری سەرجەم گۆڤارەکانی کوردستان و جارجاریش دەرەوەی کوردستانم کردوە, بەداخەوە بەهۆی سەرقاڵیم و بوونی بەرپرسیارییەتی گەورەتر لە ئەستۆم, نەپڕژاومەتە سەر ئەوەی بابەتەکانم لە دووتوێی کتێب چاپ بکەم, پێش ئەو قەیرانە بەنیازبووم, کەچی بەداخەوە دۆخەکە خراپتر بوو, هیوام وایە لەداهاتوودا خەمخۆران و دەست ڕۆیشتوان لەخەمدابن بۆنووسەران لەڕووی ئەوبابەتەوە و ببێتە جێی گرنگیی پێدانیان.

دوو کتێبی شیعری و دوو کتێبی چیرۆکم ئامادەن بۆ چاپ خۆشحاڵ دەبەم, کە لەدووتوێی کتێبدا بگەنە بەردیدەی منداڵانی خوێنەر.

تۆ کە تا ئێستا کتێب و نامیلکەت نیە, چۆن توانیوتە شیعر و چیرۆکەکانت بگەیەنیتە بەر چاوی گەشی منداڵانی کوردستان؟

- لەڕێگای سەرجەم ئەو گۆڤارە ئازیزە تایبەتانەی, کە بۆ منداڵان دەردەچن, شیعر و چیرۆکەکانم بڵاودەکەمەوەو دەیخەمە بەر دیدەی خوێنەرە ئازیزەکانم, سەرەڕای ئەوەش بەپێی کارەکەم, کە بەرکەوتەی ڕاستەوخۆم لەگەڵ منداڵ هەیە و منداڵم خۆشدەوێت, بەحەزەوە بۆیان دەنووسم, دەزانم چۆن بیردەکەنەوە, چی دەیانهێنێتە پێکەنین و سەماو چی سیمایان گرژ دەکات و چی پەستیان دەکات, هەر بۆیە لەگەڵ گشت ئەوبابەتانەی بۆیان دەنووسم پێکەوە گۆرانیی دەڵێین و غار دەدەین و ژینگە سەوز دەکەین, بابەتەکانم هەڵقوڵاوی نێو ژینگەی خۆیانن, ڕاستگۆم لەگەڵیاندا و لەخەمیاندام. منداڵ چۆن بی لەگەڵیدا, ئاوا مامەڵەت لەگەڵ دەکات, بۆیە ئەوکەسەی گرنگی پێ دەدات کاریگەریی گەورەی لەسەر بەجێ دەهێڵێ, هەرچەندە چاکتر و باشتر لەهەڵسوکەوت و ویست و ئارەزووەکانیان بگەین, ئەوەندەی بەسەرکەوتوویی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەین ئەوانیش زیاتر بەکۆمەڵایەتی دەبن و کەسایەتیان پتەو دەبێ و متمانەیان بەهێزتر دەبێ بەخۆیان و لاواز نابن و گۆشەگیر نابن و بەهەموو شتێک ڕازی نابن و ناهێڵن دەست بخرێتە کارو بارمانەوە, لەداهاتودا خاوەن کەسایەتی دروست و بەهێز دەبن و بناغە و پێگەی هزری و فکری خۆیان بەدەست دەهێنن, ئەوە منی سەرقاڵتر کردووە.



هۆنگ کۆنگ چین لە ئوستڕالیا تووڕە دەکات

ئا: هەندرین شێرزاد

ڕۆژی **30**حوزەیران ، واتە بەر لە هاتنی **23**یەمین ساڵڕۆژی ڕادەستکردنەوەی هەرێمەکە بە دەسەلاتدارانی چین ، سەرۆکی چین یاسای ئاسایشی نیشتمانی واژۆ کرد کە ئەم هەرێمەش دەگرێتەوە. لە بەرامبەریشدا ژمارەیەکی زۆر لە ووڵاتانی جیهان ناڕەزایی دەربڕی و داوایان لە پەکین کرد کە دەبوایە پەلە نەکات لەو هەنگاوە ، چونکە دوور نیە کاردانەوەی خراپی لێ بکەوێتەوە. پێشتریش ئەم یاسایە لە لایەن لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمانی چینی بە کۆی دەنگ بڕیاری لەبارەوە درابوو.

پەکین هۆشداری دەدات

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا هۆشداری دا لەوەی ئەوەی ئوستڕالیا دەیکات پێشێلکردنی بنەما بنەڕەتیەکانی پەیوندیە نێودەوڵەتیەکانە و حکومەتی چین مافی خۆیەتی ڕێوشوێنی زیاتر بگرێتەبەر و ئوستڕالیا بەرامبەر هەموو لێکەوتە و پێشهاتەکان بەرپرسیارە.

مێژوو

بە درێژایی مێژوو هۆنگ کۆنگ بەشێک بووە لە چین تا ئەو کاتەی دوای جەنگی ئەفیونی یەکەم (**1839-1942**) بۆتە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی ، دواتر لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو و لە سەردەمی جەنگی ئۆقیانووسی هێمن ، لەلایەن ژاپۆنیەکانەوە داگیر کراوە.دوای تەواوبوونی جەنگ، جارێکی دیکە کەوتۆتەوە ژێر ڕکێفی بەریتانیا . ڕۆژی یەکی تەموزی **1997** بەریتانیا ناوچەکەی ڕادەستی چین کردەوە و بە گوێرەی ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا مافی ئۆتۆنۆمی بە هۆنگ کۆنگ بەخشرا ، بە شێوەیەک پەکین بۆی نەبوو بە شێوەیەکی سنووردار نەبێ دەست لە ئابووری و یاساکانی وەربدات.



ئابووری

لەسەر ئاستی کیشوەری ئاسیا ، هۆنگ کۆنگ یەکێکە لە گرنگترین سەنتەرە دارایی و گەشتیاریەکان ، بەو پێیەش کە ناوچەیەکی بازرگانی ئازادە ، نزیکەی **40**هەزار کارگەی لێیە. لە بنەڕەتدا ئابووری هۆنگ کۆنگ پشت بە پیشەسازی بەرهەمهێنانی ئەلەمینیۆم و پلاستیک و جلوبەرگ و چنین و گەشتوگوزار و ئاڵوگۆڕی دراو و گواستنەوەی دەریایی و کەلوپەلی کارەبایی و ئەلیکترۆنی دەبەستێ .



پێناسە

ناوچەیەکە و لە ڕووی ئیداریەوە سەر بە چینە. لە بنەڕەتدا خاوەنی ئۆتۆنۆمیە و چەندین سیفەت لە ناوچەکانی دیکەی چین جیای دەکاتەوە ، هەروەها یەکێکە لە گرنگترین سەنتەرە دارایییەکانی جیهان ، جگە لەوە لە ڕووی گەشتوگوزارەوە پێگەیەکی گرنگی هەیە.

جوگرافیا

دەکەوێتە کەناراوەکانی باشووری چین ، لە نزیک ڕووباری زهو زیانگ و ڕووبەرەکەی **1104**کیلۆمەتر چوارگۆشەیە . لە بنەڕەتدا هۆنگ کۆنگ نیمچە دوورگەیە و لەگەڵ نزیکەی **240** دوورگەی دیکەوە بە خاکی چینەوە نووساون. پایتەختەکەی شاری ڤیکتۆریایە.

دانیشتوان

بە گوێرەی ئاماری ساڵی **2011**؛ ژمارەی دانیشتوانی هۆنگ کۆنگ حەوت ملیۆن کەسە و بە زمانی چینی و ئینگلیزی قسە دەکەن . **93%**ی کۆی دانیشتوان چینین و ئەوانی تر بریتین لە ژمارەیەک ڕەگەز کە زۆربەیان بەرەگەز خەڵکی باشووری ئاسیا و چەند وڵاتێکی ڕۆژئاوایین.

دەربارەی یاساکە

بە گوێرەی دەزگای هەواڵی چین ، پرۆژەی ئاسایشی نیشتمانی لە **66**ماددە پێکدێت و لە شەش بەشدا کۆکراونەتەوە کە بریتین لە بنەما گشتیەکان و ئەرک و کاری دەزگا و دامەزراوەکانی ناوچەی هۆنگ کۆنگ ، بە تایبەتی لە بواری ئیداری و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و تاوان و سزاکان و دەسەلات و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێوشوێنەکان. بە گوێرەی ئەو یاسا تازەیە حکومەتی چین هەڵدەستێ بە کردنەوەی نووسینگەیەکی نوێ بۆ ئاسایشی نیشتمانی لە هۆنگ کۆنگ بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تاوانانەی پەیوەندیان بە ئاسایشی نیشتمانییەوە هەیە ، ئەم نووسینگەیە کاریش دەکات لە پێناوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان. لە لایەکی دیکە ، کاری لامی سەرۆکی جێبەجێکاری هۆنگ کۆنگ دەسەلاتی دامەزراندنی دادوەری هەیە بە مەبەستی کۆڵینەوە لەو بابەتانەی پەیوەندیان بە ئاسایشی نیشتیمانییەوە هەیە. حکومەتی چین ڕاشیگەیاند مەبەست لە دەرکردنی ئەم یاسایە ڕووبەڕووبوونەوەی جیاخوازی و سانسۆر و بنبڕکردنی تیرۆر و پیلانگێڕیە لەگەڵ هێزە بیانیەکان.


ئوستڕالیا وەڵام دەداتەوە.

لە بەرامبەر ئەو هەنگاوەی پەکیندا ، سەرۆکوەزیرانی ئوستڕالیا ڕایگەیاند ئەوان بە نیازن مافی مانەوەی هەمیشەیی بە هەزاران هاوڵاتی هۆنگ کۆنگی نیشتەجێی وڵاتەکەیان ببەخشن ، سکۆت مۆریسۆنی سەرۆکوەزیرانی ئوستڕالیا وتیشی حکومەتەکەی بەنیازی وەستاندنی ڕێککەوتنی ئاڵوگۆڕی تاوانبارانە لەگەڵ هۆنگ کۆنگ ، وێڕای دڕێژکردنەوەی ماوەی ئەو ڤیزایانەی کە بە **10**هەزار هاوڵاتی هۆنگ کۆنگ بەخشراوە.

مانشێت



ئێندیپێندێنت: لە ئەنجامی ئاگرکەوتنەوە لە کەشتیەکی سەربازی ئەمەریکا لە سان دیاگۆی ویلایەتی کالیفۆرنیا **21** کەس بریندار بوون.



کەنالی ئار تی: جارێکی دیکە شەڕ لە نێوان هەردووک سوپای ئازەربایجان و ئەرمینیا بەرپا بووەوە و لە سنوورەکانی باکوری ڕۆژئاوادا پێکدادانی توند ڕوویدا.





گەشتوگوزاری ئایینی زەمینەیەکی لەباری هەیە، بەڵام سوودی لێوەرنەگیراوە

نادر روستی

گەشتوگوزاری ئاینی لە هەندێك وڵاتی جیهان رۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە و هەزاران بگرە ملیۆنان گەشتیار بە هۆی هەبوونی شوێنی ئاینی سەردانیان دەکەن و داهاتێکی زۆریان لە رێگای ئەو گەشتیارانە دەست دەکەوێت.

هەرێمی کوردستان بە درێژایی مێژوو جێگای پێکەوە ژیانی ئایینەکان بووە، وەکو: (ئیسلام، مەسیحی، ئێزدی، جوو، ئەهلی حەق و کاکەیی ...هتد) لەگەڵ چەندەها بیروڕای جیاوازی تر سەرنجی هەزاران بیانی بەلای خۆی راکێشاوە و باسێکی هەنووکەی جیهانە. لە پاڵ ئەمانەش هەرێمی کوردستان مەڵبەندی پێغەمبەرانە، وەك (زەردەشت، ئیبراهیم، نوح، ئەیوب، عوزێر، دانیال، نحوم) بووە، هەروەها هەرێمی کوردستان چەندان مەزارگە و شوێنی پیاوی ئایینی لە خۆگرتووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە زیاتر بوونی بیروڕای سۆفیگەریی هەردوو رێبازی(تەریقەتی قادری و نەقشبەندیە) کە ئەمڕۆ هەزاران لایەنگر و هەواداریان لە کوردستان و وڵاتان هەیە، گەڕیدەکان ئارەزووی بینینی رێورسمی ئایینیان دەکەن. مرید و شوێنکەوتووانیشیان هەردەم ئامادەییان هەیە بۆ سەردانی مەزارگە و پێشەواکانیان سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.شوێنەکانی پیرۆزی ئایینەکان لە زۆر شوێنی کوردستاندا بوونەتە مەزارگەی کۆن و پیرۆز، هەروەها مزگەوت و کەنیسەی کۆن بەرچاو دەکەون، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ ڕاکێشانی هەزاران گەشتیار. هەندێك لە شوێنەکان و شوێنەواری ئاینەکان گرنگن بۆ راکێشانی گەشتیارانی دەرەوە و ناوخۆی هەرێم وەك ئەم شوێنانە: (شێخەکانی بیارە و تەوێڵە لە هەورامان، مەزارگای کاك ئەحمەدی شێخ و شێخانی کەسنەزان کە دەکەونە سنووری پارێزگای سلێمانی. ڕەبەن بۆیا و ماربینا قدیشا. هەروەها مەزارگەکانی ئیسلام وەك مەزارگاکانی شێخ باڵەك، نەبی عوزێر و سولتان مزفەرەدین لە پارێزگای هەولێر. مەزارگای شێخ عەبدالعزیزی گەیلانی ، شێخ نورەدینی بریفکانی، پەرستگەی لالشی ئێزدییەکان لە دهۆك. دێر هورمز، گۆری پێغەمبەر ناحوم لە ئەلقۆش، دێر مەتی لە چیای مەقلوب لە سنووری پارێزگای موسڵ).

گەشتیاران دوو جۆرن کە سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی ئایینی دەکەن، یەکەم: گەشتیارە هەواردار و شوێنکەوتووەکان، دووەم: گەشتیارە بیانییەکان.

گەشتیارە هەوادار و شوێنکەوتووەکان: ڕێبازی خواپەرستی قادری لە هەرێمی کوردستان مێژوویێکی کۆنی هەیە، کە لە شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەست پێدەکات و چەندان شێخی تر لە دوای ئەو دڕێژە بە ڕێبازەکەی دەدەن، ژمارەیەك لەو شێخانە لە هەرێمی کوردستان ژیاون، بۆیە ئێستاش مەزارگەیان لە هەرێمی کوردستانە، ئەمەش وایکردووە کە پێگەی هەرێمی کوردستان لە تێروانینی شوێنکەوتووەکان ببێتە شوێنێکی گرنگ و هەزاران هەوادار و شوێنکەوتوو لە وڵاتانی بیانی بێنە هەرێمی کوردستان. لە دوای کۆچکردنی شیخ محمەد کەسنەزانی ڕەنگە ئەو پیرۆز بوون و سەردان و گەشتکردنە زۆر زیاتر بێت و سالانە هەزاران لە شوشوێنکەوتووانی ڕێبازی (تەریقەتی) قادری لە وڵاتان بێنە هەرێمی کوردستان (بە پێی زانیارییەکان لە ٩٠ وڵات موریدو و شوێنکەوتوویان هەیە) ئەمەش دەرفەتێکی گرنگە کە لەرووی گەشتیاری سوود لەو جۆرە سەردان و گەشت کردانە وەربگیرێت.

ڕێبازی (تەریقەتی) نەقشبەندی بە هەمان شێوە تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە زۆر وڵات موریدو و شوێنکەوتەیان هەیە و سالانە دێنە سەردان و زیارەتی شێخانی تەولە و بیارە.

سولتان موزەفەر لە شاری هەولێر هەواداری زۆری لە تورکیا و هەندێك وڵات هەیە و ئارەزوو دەکەن بێنە هەرێمی کوردستان.

ئێزیدییەکان سالانە ژمارەیەکی زۆریان بۆ سەردان و زیارەتی لالش دێنە هەرێمی کوردستان.

ژمارەیەکی زۆر لە کریستیان بۆ بۆنە ئایینییەکانیان، سالانە لە عێراق و هەندێك شوێنی تر دێنە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ڕێورەسمەکانی ماربێنە قەدیشە لە کۆیە و ڕەبەن بۆیە لە شەقلاوە.

جووەکان ئەگەر دەرفەتیان پێبدرێ سالانە دێنە سەردانی گۆری پێغەمبەر ناحوم و خوشکەکەی کە دەکەوێتە ئەلقۆش لە نزیك دهۆك.

کەواتە چەند دەرفەتێك هەیە کە بتوانرێ لە ڕووی گەشتیاری بقۆزرێتەوە بۆ کار لەسەر کردن و وەبەرهێنان، یاخود بە پیشەسازی کردنی گەشتیاری ئایینی.

هەموو ئەوانەی باسمان کرد لە ڕووی ئابووری وەك پێویست سوود لە هاتنیان وەرنەگیراوە، هەروەها نەتوانراوە کارئاسانی زیاتر بۆ هاتنی ژمارەیەکی زۆرتر بکرێ، میواندارى و پێشوازیکردنیان زیاتر لە لای تەکیە و ماڵی شێخەکان بووە، کە دەکرێ ئەمانە لە ڕووی گەشتیاری ڕێکبخرێن، بۆیە پێویستە زیاتر بۆ گەشتوگوزاری ئایینی ئامادەکاری بکرێ و سوود لەو کەسانە وەربگیرێ کە بە مەبەستی ئایینی دێنە هەرێمی کوردستان.

دووەم گەشتیارە بیانییەکان کە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و شارەزابوون سەردانی شوێنە ئایینییەکان دەکەن، بە تایبەت شوێنەوارەکانی ئاینی زەردەشتی و مەسیحی و جووەکان، یاخود ئارەزوو دەکەن سەردانی ڕێورەسمەکانی هەردوو ڕێبازی قادری و نەقشبەندی دەکەن.



هاڤینگەی ڤین سروشتێکی جوان و خزمەتگوزاری سادە

هاڤینگەی ڤین بە دووری ٩٠کم لە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دهۆك، ٢٠ کم لە قەزای ئامێدی دووەە، بە دووری ١کم و نیو لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناحیەی شیلادزێ هەڵکەوتووە. دەکەوێتە سەر ڕووباری شیلادزێ، ٦٠٠ م ڕێگاکەی خۆڵە، بە هۆی پردێکی دەستکردی هەڵواسراو لە بەری شیلادزێ گەشتیاران دەپەڕنەوە بۆ هاوینگەی ڤین.

هاوینگەکە بە داروەرختی بەرز داپۆشراوە، لە ژێر سێبەری دارەکان تافگەیەکی زۆر جوان و سەرنجراکێش لە بەرزایەوە بۆ خوارە شۆڕدەبێتەوە، بە دوو بەش دەگاتە خوارەوە، لە دەوروبەری شوێنی دانیشتن و کاتبەسەر بردن بە شێوەی سادە و سەرەتای دروست کراون، بەڵام تابڵی دیمەنێکی دڵفێن و جوان و شادی بەخشە. لە لایەك دیمەنی تافگە و سروشتی جوان لە لایەکی تر جوانی ڕووباری شیلادزە کە لە خوارەوەی هاڤینگەکە ڕەت دەبێت جوانی و خۆشی دەبەخشنە دەروونی گەشتیاران. ڤین خزمەتگوزارییەکانی زۆر سەرەتایین، بە شێوەیەکی سادە هەندێك کەپر و شوێنی دانیشتنی بۆ دروست کراوە، بواری پەرەپێدان و ڕێکخستنی بە شێوەی سەردەمیانە لەبارە و گونجاوە.

لەسەر یەك خاك دوو هەستی زۆر جیاواز

هەندێك پیسی دەکەن هەندێك پاکی دەکەنەوە

هەموومان لە سەر یەك خاك دەژین و یەك هەوا هەڵدەمژین، کە ژینگە پاك بوو بۆ هەموانە، کە پیسیش بوو، هەموومان زیانمەند دەبین، بەڵام بۆ هەندێکمان هەست پێدەکەین و هەندێکمان بێ باکین!؟ هەموومان سوود لە جوانی ناوچە سروشتی و گەشتیارییەکان وەردەگرین، بەڵام هەندێك هاووڵاتی زۆر بێ هەستانە، بەبێ هەستکردن بە هیچ بەرپرسیارییەتێك لە هەر شوێنێك بن تەنیا دەزانن پیسی کەن، تێکی بدەن، ئاژەڵا ئاسا بخۆن و بڕۆن، بەڵام بۆچی هەندێك هاووڵاتی دیکە دەچنە هەمان شوێن و هەستی بەرپرسیارییەتیان بەرزە، نەك شوێنەکە پیس ناکەن بەڵکو پاشماوەی ئەوانەش پاك دەکەنەوە کە زۆر بەبێ هەستی پیسیان کردبوو. پیسبوونی ناوچە گەشتیارییەکان کێ لێیان بەرپرسیارە؟ (هاووڵاتی، گەشتیار، شارەوانی، گەشتوگوزار، دەستەی ژینگە، هەموومان)؟ بە پێی بەدواداچوونم لە ساڵانی رابردوو لە ٦٥٪ هاووڵاتیان پێیان وایە هەموومان لە پیسکردن و پاك راگرتنی بەرپرسیارین، کەواتە بە زۆرینەی بۆچوون هەموومان بەرپرسین لە تێکچوون و پیس بوونی ژینگە. سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەك دامەزراوەی حکومی بە ناوی جیاواز و لە شوێنی جیاواز بۆ مەبەستی ژینگەپاریزی و سەرەڕای هەبوونی دەیان ڕێکخراوی ژینگەپارێزی لێرە و لەوێ، زۆرجار گروپی گەنجان خۆبەخشانە وەك هەستێکی بەرپرسیاریەتی ناوچەیەك پاك دەکەنەوە، کەواتە جیاوازی نیوانیان چییە کە هەندێکیان پیسی دەکەن و هەندێکیان پاکی دەکەنەوە؟



www.xebat.net | خەبات | سێشەممە 2020/7/14 ژمارە(5973) | hawarmurtkaee@yahoo.com | # لە هاڵ پارێزاو دەبین



مامۆستایەکی وەرزشی رووسی بۆ خەبات:

ئەو منداڵانەی فێری یاری شەترەنج دەبن، دەزانن چۆن پلان بۆ ژیانی داهاتوویان دابڕێژن

خەبات: هاوار مورتکەیی

ئیلینا پیرۆڤا Elena Perova ئەو خانمە شەترەنجزان و مامۆستا و راهێنەرەیە کە لەماوەی ژیانیدا ئەزموونێکی باشی لەو وەرزشە وەرگرتووە و ماوەیەکی زۆریشە وەک مامۆستا وانەی شەترەنج دەڵێتەوە، لە لێدوانێکیدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات تیشک دەخاتە سەر گرنگیی یاری شەترەنج و پێویستیی فێرکردنی منداڵان بۆ ئەم یارییە و پێی وایە کە منداڵ لەرێگای شەترەنجەوە دەتوانن پلان بۆ ژیانیان دابڕێژن.

بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ

سەرەتا ئیلینای تەمەن ٣٢ ساڵ باس لە خۆی دەکات و دەڵێت: لە زانکۆیەکی پەروەردەیی لە رووسیا خوێندنم تەواو کرد، لە قوتابخانە فێری شەترەنج بووم، دوای ئەوەی تێگەیشتم کە چەند یارییەکی بەسوودە بۆ مرۆڤ، هەربۆیەش بڕیارمدا کە خەڵک فێری ئەو یارییە بکەم، بەتایبەتیش منداڵان، ئەویش لە ڕێگای پرۆگرامی تایبەت بەخۆم و هەروەها سوود وەرگرتن لە هەندێ سەرچاوەی دیکەی کتێب، هەروەها گوتی: پێم وایە ئەو منداڵانەی فێری یاری شەترەنج دەبن، کاتێک گەورە دەبن دەزانن چۆن پلان بۆ ژیانیان دابڕێژن، هەمیشە هەوڵ بۆ ئەوەدەدەن کە لەپێشەنگدابن، بۆیە ئەوجۆرە کەسانە هەمیشە دوارۆژێکی گەشیان لەبەردەمدا دەبێت، من پێم وایە شەترەنج بەتەنها یاریی و ئارەزوویەک نییە، بەڵکو بەشێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤ، ئەوەی شەترەنج نەزانێت لە گرنگیی ئەو یارییە تێناگات.

گەیاندنی سوود لەکەسانی دیکە

دواتر ئیلینای رووسی دەڵێت: من تەواو لەگەڵ شەترەنجدا تێکەڵ بوویمە، بۆتە پیشە و ئارەزوو و هەموو شتێك، دەمەوێ ئەو زانیارییەی لەم بوارەدا بەدەستم هێناون بیانگوازمەوە بۆ خەڵکی تر و کەسانی دیکە سوودی لێوەرگرن، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی وتار و بابەتی پەیوەست بەشەترەنج کە بڕیارمداوە لەداهاتوودا خۆمی پێوە سەرقاڵ بکەم.



دێمبڵی چوونی بۆ مانچستەر یونایتد ڕەتدەکاتەوە

رۆژنامەکانی ئیسپانیا رای عوسمان دێمبڵیی یاریزانی بەرشلۆنەیان لەبارەی چوونی بۆ مانچستەر یونایتد ئاشکراکرد.

دێمبڵی تەمەن ٢٣ ساڵ بەهۆی پێکانەوە و نەشتەرگەری دەنالێنێ و ماوەیەکە لەیانەکەی دابڕاوە و واچاوەڕوان دەکرێ تا کۆتایی وەرز نەگەڕێتەوە یاریکردن. یانەی مانچستەر یونایتد ویستیان لەسەر ئەوەیە بۆنەد لەگەڵ دێمبڵی واژووبکەن، وەك ڕۆژنامەکان ئاماژەی بۆدەکەن دێمبڵی نایەوێت بچێتە ئەویانەیە و ڕەتی کردۆتەوە.

بروسیا دۆرتمۆندی یانەی پێشووی بەهەمان شێوەی شەیتانە سوورەکان دەیانەوێت دێمبڵی بە بڕی ٢٠ ملیۆن یۆرۆ بگەڕێننەوە یانەکەیان.

پێکانەکەی گریزمان تا چەند دەخایەنێت؟

خەبات: سولین سلێمان

ئەنتوان گریزمان هێرشبەری یانەی بارسای کەتەلۆنی کە لە یاریيەکەیان لەگەڵ یانەی ڤەلەدوەڵلید دووچاری پێکان بوو، تا کۆتایی ئەم وەرزە لە یانەکەی دوور دەکەوێتەوە، یانەی بارسێلۆنا لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردۆتەوە کە پزیشکەکان هێشتا ئەوەیان پشت راست نەکردۆتەوە کە تا ماوەی چەند گریزمان بەشداری لە یاریيەکانی بارسا ناکات چونکە ئەو یاریزانە لە ماسولکەکانی رانی تووشی پێکان بووە.

چێڵسی سێ یاریزان دەکاتە قوربانی

یانەی چێڵسی ئامادەیە لە پێناو گواستنەوەی کای هاڤێرتز یاریزانی ئەڵمانی یانەی لە بایەر لیڤەرکوزن سێ یاریزانی خۆی بفرۆشێت.

رۆژنامەی سەنی بەریتانی بڵاویکردۆتەوە کارگێری بلوز پێشنیاریان بۆ فرانك لامپارد ڕاهێنەری یانەکەیان کردووە ڕێگە بدات لە پێناو گواستنەوەی یاریزانە ئەڵمانیەکە هەر یەکە لە جۆرجینهۆ، ئێمیرسۆن و باکایۆکۆ بفرۆشن، چونکە ئەوان لە توانایاندا نابێت بە بێ فرۆشتنی هیچ یاریزانێك گواستنەوەی گرانبەها ئەنجام بدەن.

هاڤێرتز بە هۆی ئاستە بەرزەکەی لەم وەرزەی بۆندزلیگا بووەتە ئامانجی زۆرێك لە یانە گەورەکان و نرخەکەشی بە ٨٠ ملیۆن یۆرۆ خەمڵێندراوە.

لە ماڵ پارێزاو دەبین

خەبات XEBAT

Tue. 14 Jul. 2020 No. (5973)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940


بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر


بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595

یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616







جوتیارە نمونەییەکەی هەڵەبجە لەخۆشەویستی کوردستان بەدۆشاوی تەماتەی ڕەنگاو ڕەنگ ئالای پیرۆزی کوردستانی نەخشاندوە.

ئامێری نەی جیاواز لە ئامێرە کلاسیکیە رۆژئاواییەکان، هەستێکی تایبەتی بە ڕووحی کلتوری گۆرانی دەبەخشێت

ڕێبین محەمەد: شەهیدان و پێشمەرگە تاکە هیوابەخش و سومبولی ڕاستەقینەی نەتەوەکەمانن

سلێمانی - بەرهەم شێخ عزەدین :

ڕێبین محەمەد لە دایکبووی 1996سلێمانی، لە ساڵی 2018 دەستی کردووە بە فێربوونی ئامێری میوزیکی (نەی) لە سەر دەستی مامۆستا (توانا ئەبوبەکر) کە بەڕێزیان نەندامن لە تیپی مۆسیقای شنرۆ ، ئێستا خاوەنی چەندین پارچە موزیکە بەئامێری (نەی) . ڕێبین وەڵامی پرسیارەکانی (خەبات) ی بەم شێوەیە دایەوە:

نەی لە کوێی موزیک لە ڕووی ئەکادیمی جێگای بۆتەوە؟

(ئامێری نەی) لەگەڵ ئەوەی مێژوویەکی دێرینی لە ناو ئامێرە میوزیکە فوداوە کاندا هەیە، بە ئامێرێکی سەرەکی ناو ئامێرە میوزیکە فوداوە کان دادە نرێت وخاوە نی سە داو ئاوزێکی تایبەت بە خۆیەتی ، بە دڵنیاییەوە ئە کادیمیانە جێگەی خۆی لە ناو ئامێرە فوداوە کاندا کردۆتەوە.

تاچەند نەی ڕووحی کلتور بە گۆرانی دەبەخشێت؟

ئامێری نەی جیاواز لە ئامێرە کلاسیکیە رۆژ ئاواییەکان ، هە ستێکی تایبەتی بە ڕووحی کلتوری گۆرانی رۆژهەڵات و بە تایبەتیش رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە بەهۆی ئەو تایبەتمە ندییەی لە ئاوازو سروشتی ئەم ئامێرەدا هەیە.

دەگوترێت تاکە ئامێر کە بۆتە هۆی مانەوەی ڕەسەنایەتی لەگۆرانی کوردیدا (نەیە) ئەمە ڕاستە؟

بە دڵنیاییەوە ئامێری نەی لەپاڵ ئامێری شمشاڵ کاریگەر باشیان بەسەر هێشتنەوەی ڕە سەنایەتی گۆرانی کوردیەوە هەبووە چونکە ئامێری نەی هەڵگری هەست و ئاواز گەلێکە کوردی ڕەسەنە .

مەرجە لە هەموو گۆرانییەك نەی لێ بدرێت؟

لەگەڵ ئەوەی ئامێری نەی جێگەی خۆی لە ناو ئۆرکسترای میوزیکی کوردیدا کردۆتەوەو

ڕە نگ و جوانییەکی تایبەت ئەبەخشێت بە هونەرەکە، بەڵام مەرج نییە لە ناو هەموو گۆرانییەکدا ئەم ئامێرە بە کار بهێنرێت.

چی گەلەییەکت لە هونەری گۆرانی کوردی هەیە؟

لەگەڵ گۆڕان و بە ڕەو پێشچوونی هونەر لە هەموو جیهاندا گۆرانی و هونەری کوردیش کاریگەر بووە بەو گۆڕانکاریانەو بەداخەوە هێندەی بەرهەمە نوێیە کوردیەکان هەڵگری سیمایەکی رۆژئاوایی و مۆدێرن ، کاریگەریان بە سەر کەمبوونەوەی هونەری کوردیە ڕەسەنەکانەوە هەیە.

تاچەند لەگەڵ ئەوەی ئافرەتان لە کلیپ بەکارهێندرێت بۆ سەرنجڕاکێشانی گوێگر؟

بەکارهێنانی ئافرەت وەك هۆکارێك بۆ سەرنجڕاکێشانی گوێگر بۆ کلیپە هونەریەکان بەکارێکی شیاو و باش نازانم ، گەر کارە هونەریەکە خۆی جوان و سەرنجڕاکێش بێت پێویست بە هۆکاری تر ناکات بۆ جوانکردنی.

شەهیدان و پێشمەرگە لە کوێی کارە هونەریەکانی تۆدان؟

شەهیدان و پێشمەرگە تاکە هیوابەخش و سومبولی ڕاستەقینەی نەتەوەکەمانن ،بە دڵنیاییەوە کاریگەرییان لە سەر هەوڵدانەکانی من هەیە ، لەگەڵ (ئامێری نەی) دا بەوەی زیاتر هەست وسۆزی کوردانە لە ڕێی ئەم ئامێرەوە پێشکەش بکەم.

ئەم ئامێرە کەی و چۆن هاتۆتە ناو بواری هونەرەوە ؟

ئامێری نەی خاوەنی مێژوویەکی زۆر دێرینە کە بەنزیکەی لە نێوان 4500-5000 ساڵ دیاریکراوە ،کە لە ئێران و میسر و بابل ... ئەم ئامێرە ژەنراوە بەخۆشحاڵییەوە لە ئێستادا لە کوردستانی باشوور مامۆستایانی خاوەن ئەزمون و شارەزایی زۆر باشی وەك مامۆستا توانا ئەبوبەکر (توانای نەی)مان هەیە کە زیاتر لە 20 ساڵە خوێندکاران و ئارەزوومەندانی نەی پێدەگەیەنێت.







دادگای میسر سەمای سزادا

سەما میسری، سەماکاری بەناوبانگی میسری سزای سێ ساڵ زیندانیکردن و 300 هەزار جونەیهی میسری، کە دەکاتە نزیکەی 15 هەزار پاوەندی بەریتانی بەسەردا سەپێنرا، ئەوەش بە تاوانی ئەنجامدانی بەدڕەوشتی. سەما میسری لە مانگی نیسانی ڕابردوودا و لە میانی لێکۆڵینەوەیەکدا لە ژمارەیەك ڤیدیۆ و وێنە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستگیرکرا، چونکە داواکاری گشتیی میسر ئەو وێنە و ڤیدیۆییانەی بەو جۆرە باسکردبوو کە دەبنەهۆکاری بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتی. سەماکارە تەمەن 42 ساڵییە کە تۆمەتەکان ڕەتدەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات، ژمارەیەك لە ڤیدیۆ و وێنە وروژێنەرەکانی لە مۆبایلەکەی دزراون، بێ ئەوەی ئاگادار بووبێت. دادگای قاهیرە دانیشتنێکی ئەنجامدا و ڕایگەیاند، سەما میسری بنەما خێزانییەکان و بەها میسرییەکانی پێشێلکردووە و لە هەمانکاتیشدا سوودی لە ماڵپەڕ و ئەکاونتەکانی سۆشیاڵ میدیا وەرگرتووە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی «بەدڕەوشتی».



کاریگەری خۆراکی تیژ لە سەر بیرچوونەوە



بە پێی ڕاپۆرتێکی زانستی ماڵپەڕی ئێکسپرێس ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانستی کە لە سەر ژمارەیەك خەڵکی چین پیشانی داوە کە لە ئێوان خواردنی ڕێژەیەکی زۆر بیبەری تیژ و مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی بیرچوونەوە یا خەڵەفان پەیوەندی هەیە. لە ئێستادا ئەو توێژینەوانەی کە ئەنجامدراون پیشانی داوە کە خواردنی بەردەوامی بیبەری تیژ، کاریگەری لە سەر پرۆسەی بیرچوونەوە و مەترسی تووشبوون بە خەڵەفان دادەنێت. ئەو توێژینەوانە لە سەر 4583 کەسی سەرووی تەمەن 55 ساڵ و بە سەرپەرشتی (زومین شی)، لە زانکۆ قەتەر ئەنجامدرا. کە خواردنی ڕۆژانەی زیاتر لە 50 گرام بیبەری تیژ ئەوا مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی بیرچوونەوە یا خەڵەفان زیاتر دەبێ.